


شیعر
عیشق و تەمەن
دەبا بگرین...
دەبا بگرین لە سەر عەرشی ...
ئەو جێژوانەی....
گەنجییەتی عیشق وئەڤینی
گەیاندە سەر کێکی تەمەن!!؟
دەبا بگرین بەسەرکوڵمی ...
باڵۆرەی هەواری خاڵیی ..
کچە عیشقی ئەو ڕەشماڵانەی ...
بسکوڵەشیعری تەمەنیان ..
بۆژوانی کچۆڵەی بەفرو..
جێژوانی کوڕە حەیرانی،
دەهۆنیەوە!!؟
دەبابگرین بەسەر گوناى...
ئەو شیعرانەی ...
بەفرمێسک نووسرانەوە!!؟
چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر

# شیعر

# عیشق و

# تەمەن

حەمە ئەحمەد جاف

هەولێر 2011

# پێشکەشە بە:

- ڕۆحی فریشتەیی (باوکم) کە زۆر ئاواتی بوو، کۆمەڵە شیعرێکی من بە چاپکراوی ببینێ..

- (گوڵەخانی دایکم) کە ئێستاش دەنگی لایلایەکەی لەگوێما دەزرنگێتەوە..

- (بێخاڵ)ی هاوڕێ و هاوسەرم کە گشت ئازارو نەهامەتییەکانی ژیانمی لەگەڵدا بەش کردم و فرمێسکی شەوانی تەنیایی و شەونمی سەرکوڵمی خەمەکانمی خواردەوە..

- پێنج پارچە جگەری شیعرم (هاژەو لاژەو ژیارو وێنەوگۆڤار) کە ژیانیان لاجوانتر کردم..

-(سازە).. تۆش... کە نەتتوانی ببی بە من؟!

- ئەوانەش... کە ڕەهێڵەی ئازار گرمۆڵەی کردوون؟!

- ئێوەش... کە بەهیوایەکی گەشەوە لە جوانیی ژیان و گەورەیی وخۆشەویستی خاك و نیشتمان و مرۆڤ دەڕوانن و لەکاتی ڕۆژئاوابووندا بیر لەڕۆژهەڵاتن دەکەنەوە..

# پێشـــــــەکی و....

# ئەزمونی شیعریم

دوای مۆرکـــــــردنی ڕ ێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی/1970 لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کـــــــوردوحکومەتی ناوەندی ئەوسای ئێراق ودەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەوگۆڤاروکتێبی بە نرخ ودانسقەی کوردی،خولیاوکەڵکەڵەی خوێندنەوەیەکی چڕوبەردەوام مێشکمی داگرت ولەوێ دەمێوە...دەستم دایەخوێندنەوەوسەرەتا لەخوێندنەوەی چیرۆك وشیعرە بلأوکراوەکانی سەرڕووپەڕی رۆژنامەوگۆڤارە کوردیەکانەوە هاتم...تابەوەسڵ ودیداری دیوانەشیعری شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردگەیشتم لەوانە(حەزرەتی نالی وپیرەمێردومەحوی وبێکەس وزێوەروقانیع وگۆران وشارەزاوهەژاروفانی وفیداودواترشیعرە تەڕوناسکە عاشقاتیەکانی( مام هێمن وفەرەیدون ) و(غەریب پشدەری مامۆستاوگەورەشاعیری مەڕخۆمان) تەئسیراتێکی زۆریان تێکردم کەهێندەی دی شیعریان لاجوان وجوانترکردم...دەتوانم بڵێم وام لێهاتبوو(بەیەك جارخوێندنەوەی شیعری هەریەك لەوشاعیرانە) ئەزبەرم دەکردن...زۆربەقەناعەتیشەوە دەڵێم: ئێستاشی لەگەڵدابێ بەدەیان وسەدان قەسیدەوشیعری جوان وناسکی زۆرلەشاعیرانی کلاسیکی کوردیمان وشاعیرانی نوێی وەك(پشدەری و کەمال ورە فیق وپەشێووشێرکۆوهەڵمەت وپەرۆش وخورماڵێ وقوبادو شیعرە پاییزیەکانی حەمە عومەرومەهاباد) ی کوردم ئەزبەرە...هاوکات(مەعفوو) بونم لەوانەی زمان وئەدەبی کوردی،لەسەرجەم ساڵەکانی خوێندنم دا فاکتەروهۆکارێکی گرنگ بوولەپێرچەکەرەکردن وخولقاندنی ئەڵهاوسرووش وبەهرەی شیعریم...سەرتان نەیەشێنم...لەدوای کارەساتی دڵتەزێنی 1974/4/24ی قەڵادزێ وئاوارە بوونمان بۆئەودیوو...لەنوسینی(شیعرۆکان) ڕاچووم...بۆیەش دەڵێم(شیعرۆکە) ئەوکات زاتم نەدەکردوهەرگیزیش بەخۆم ڕەوانەدەزانی(خوانەخواستە،بڵێم:شاعیرم وشیعردەنوسم...لێتان ناشارمەوە،ئەوی،ئەوێ دەمێ

دەمنووسی وگوایە نێوم لێدەنان(شیعر) فڕیان بەسەرشیعرەوە نەبوون،بەڵکووڕێنەوهەندێ قسەی بریقەداری ڕووکەش ووردە ورێنەورێشکەوپێشکەی نێورەشنووسی ئیحساس وفکری کورێژگەیەکی هەرزەی ئەوێ دەمێ بوون وهیچی تر...بەڵام ئەوانەی دەمنووسین(گوایەشیعرن) بەکاڵ وکرچیش با لای خۆم دەمپاراستن ولەباوڵەسوورەکەی بوکێنی دایکمدا ئەرشیفم دەکردن...ساڵ وەرسوڕاوگەڕاینەوە قەڵادزێ ولەگەڵ خوێندنی قوتابخانەم دا،لەخوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان بەگشتی و(شیعر) بەتایبەتی بەردەوام بووم...ناوبەناویش جێم بەخۆنەدەگرت وقەڵەمم تاودەدایەولاپەڕەی سپیم بەورێنەوهەندێ قسەی باق وبریقی بازاڕیی،ڕەشدەکردەوە بەچەندان جاریش دەمدڕاندن ودوبارەوسێ بارە دەمنووسینەوە.

.ساڵ هاتن ورۆیشتن...زۆرچاکم لەبیرە سەرە تای ساڵی(**1976**) لەپۆلی شەشی ئامادەیی بووم...شەوێك لەقەڵادزێ بابی ڕەحمەتیم کەزۆرئەدەبدۆست وهەواداری شیعربوو،بەسەرژانی لەدایکبوونی شیعرێکمەوە گرتمی وگوتی:

–ئەوە چ دەنووسی؟

منیش بەشەرم وترسێکی زۆرەوە پێم گووت:

–شیعر!

ئەویش گووتی: شیعری چ شاعیرێك؟

دیسانەوە زۆربەشەرمەوە گوتم:هی خۆم!!

–دواترگوتی: بۆشیعرانیش دەزانی!؟

–گوتم:نا... بەس.. دەنوسم.

لەبیرمە باوکم( قەدەرێ ڕاماوبەسەرسامیەوە ڕووی تێکردم) وگووتی:

–ڕۆڵە زۆرم پێخۆشە، بەڵام خوێندنت لەپێشە.

دیسانەوە باوکم ڕووی تێکردمەوەوگووتی:

–دەگەروایە( ئەفەندی) بۆم وەخوێنە بزانم چت نووسیوە!؟

–منیش لە شەرمان ولەترسان سورهەڵگەڕام وهیچ چارم نەما، کە دە بووبۆی وەخوێنم بۆیە بەپچڕپچڕکەوتمەخوێندنەوەی شیعرەکە،شیعرەکەم زۆرسادەوساکاروهەرزە کارانەبوو،بەڵام بێ مجامەلە ( بابم) لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکەداسەری ڕەزامەندی بۆدەلەقاندم ..لەوەی دەچووپێی چاك بێت.

.بەڵێ شیعرخوێندرایەوە وئەوشەوە لـە(بابم) سامم شکاولـەگەڵی کەوتمە قسەووتووێژ..بۆبەیانیش لای مامۆستا(غەریب پشدە ری) شکایەتی نووسینی شیعرانی لێکردم.ئەوەمن نازانم کەشکایەتم لێ کراوە!؟دەنا نەمدەوێرا بەوگوزەروشوێنەشدا بڕۆم کە مامۆستامی لێیە!

یەکدووڕۆژ ڕابرد(بابم) بۆکارێکی ماڵێ ناردمی بۆ بازاڕی ،هەرئەوەندەم زانی(یەکێك بانگم دەکا) کە ئاوڕم دایەوە،بینیم وا مامۆستا (غەریب) لـە( چاخانەکەی مام حەسەنەوە) بەدەستتان ئیشارەتم بۆدەکاولێك لێك بانگم دێڵێ!؟ منیش کەبەرەوڕووی چووم ولێی نزیك بوومەوە بەپێکەنینێکەوە گووتی:

- وەرە پێشەوە...هەی کافر...شیعران دەنووسی وپێشم ناڵێی!؟

-کـــــــــوا چـــت نووســــــــیوە،.بۆم وەخـــــوێنە!؟

خۆعەرز قوتم ناداوعاسمان هەڵمناکێشی،لـەجێگای خۆم سڕبووم وتاسام ولـە شەرمان بوومە قەترێك ئاو!شیعرەکەم پێ بوو...وەلێ..زاتم نەدەکرد پیشانی دەم و(بۆیە کەوتمە داڵغەولـەبەرخۆمەوە) دەمگووت:

–کێ دەڵێ..ئەوشیعرە ڕووی ناومەجلیسانی هەیە...بڵێم پێم نییە... باشترە؟

بەڵام مامۆستا وازی لێ نەهێنام،تاشیعرە کەی پێ لـەباخەڵێ دەرێنام...منیش زۆربە شەرمەوە،شیعرەکەمم دایەولـەبەردەستانی هەلاێتم ولـەدوورەوە بەرامبەری ڕاوەستام...

بیرمە مامۆستا دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعرەکە(ئەوە دەشتۆقم) بانگم کاوبڵێ(ئەوە چییە نووسیوتە،گاڵتە بە شیعران دەکەی!؟) بەڵێ...لـەوبیرو خەیاڵـەیدابووم مامۆستا غەریب سەری هەڵبڕی وگووتی:

–وەرە هەی کافر مەزەب ئەوە شیعرەو...شیعریشت نووسیوە...دەستخۆش وئافەرم،بەردەوام بە.بەڵام بەگوێمکە...(زۆربخوێنەوەو کەم بنووسە)

منیش لـە خۆشییاندا شاگەشکە بووم وئەوەندەی نەمابوو باڵ بگرم...بۆیە بەپەلـە پڕوزێ شیعرەکەم دەدەستی گرت وبەکەیفێکی سازە وە بە کۆلاٌنێ مەکتەبی(ئاسۆس)دا بەرەوماڵێ ..تێمتەقاند.ئیدی خوا وەتحەسێنێ ئەو شکاتەی (بابم لـە مامۆستا غەریب) بوو بە شیفای تلانەوەی شەوانی بێداریم وکوشتنی ئەوکرمەی شەوانە گینگڵی پێدەدام وهاوکات دەرکردنی ترس ورەواندنەوەی ئەوشەرمەی لـە دڵ و دەروون وناخمدا چەکەرەی کردبوو..

ئەو مرۆڤە زۆر مەزن بوو..بۆ من..لـەو کاتەوە ڕۆژێ بۆ ڕۆژێ زیاتر بە( شیعر)موعەڕیفی دەکردم ولـە قوتابخانەی شیعری جواندا دەرسی دادەدام وبڕوانامەی شیعری داپێم و..لـە ڕێگای ئەویشەوە یە کەم بەرهەمی شیعریم تررووسکا یی بلاٌوکردنەوەی بینی..ڕاستی..منیش لـەوێ دەمێوە زنە وکانیلـەیشیعرم تەقی و(کڕینی کتێب وخوێندنەوە)بوو بە بەشێك لـە ژیانم و(شیعر)یش بوو بە پارچەیەك لـەجگەرم!!

بۆیە وەك وەفاو دڵسۆزیم بۆ ئەو مرۆڤە میهرەبان ومەزنە،پڕ بەدڵ سوپاسی دەكەم وریزو حورمەتێكی زۆریشم بۆی هەیەولە خواش دەپارێمەوەدەست بە باڵانیەوەگریٚ وتەمەنی دریٚژ كـــاو..نمونەیان زۆربیٚت!وەك ئەمانەتێكیش بۆ مێژوو دەڵێم:

هاندان وهاوكاری وپشتگیری رەحمەتی(بابم )ومامۆستای گەورەم (غەریب پشدەری)شاعیرو(ئازادی خولە پاقلەی)رەحمەتی و دواترناوهێنانم لە میهرەجانی شیعری كوردی(وەك شاعیرێك) لەلایەن مامۆستایانی گەورەو قەدرگران(محەمەدی مەلا كەریم وكەریم شارەزا) وهاوكات تەمەنی (3) ساڵی عیشق وخۆشـــــەویستی (سازە) ش،زیــــاتر،.جوانیی وپاكیزەیی شیعریان لا جوانترو خۆشەویستتركردم وهاوكات بوونەیەكەم هاندەرو یارمەتیدەرم بۆخوێندنەوەونووسینی زیاترو گەشەكردنی ئەو بەهرەیەوتەقینی كانیاوی سرووش و زنەی شیعریم كەزۆر لە مێژبوو ناخمی دەهەژاندولە هزروبیرومێشكمدا پەنگی خواردبۆوە.

– خوێنەرانی ئـــــــــازیز...

دوای بە چاپگەیاندنی كۆمەڵە شیعری (لاوكـــــی پێشمەرگــــــــە) ئەو چەپكە شیعرەی بەردەستتان دووەم بەرهەمی شیعریی چاپكراومە كە لەسەرئەركی برای شاعیرو رۆژنامە نووس كاك (حەسەنی دانیشفەر(هێور) بە چاپگەیشتووە،..كە مشتێكن لە خەرواری ئەو بەرهەمە شیعریانەی لە نێوان ســــــالانی﴿1977–2010﴾ نووسراون كە زۆربەیان لە دووتوێی رۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكاندا چاپ وبلاوكراونەتەوە،..وەلیٚ..مەخابن..زۆر لە شیعرەكانیشم ﴿بە تایبەتی ئەوانەی ساڵانی پێشتر نووسراوون﴾ بەهۆی ستەم وزۆرداری رژێمی گۆر بەگۆرڕووخان وراگواستن و ئاڵۆزی وگرژی بارودۆخی دەڤەرەكەمانەوە فــــــەوتاون ولە بەینچوون!!؟

وا ئەمرۆش...دوای(36) ســــــاڵ لە تەمەنی ردێن سپی شیعریم ئەو دیارییەتان پێشكەش دەكەم،..وەك كورد دەڵـــــــیٚ:﴿دیـــــاری شــــــوانان ،ئـــــــاڵەكۆكە﴾...بۆیــــە منیش (لە دوو توێی ئەو نامیلكە شیعریەدا،ئاڵەكۆكە شیعری خۆمتان دەكەمە دیـــــــاری)،

بـــــــەو هیوایەی جێگای رەزامەندی تێكڕای رۆشنبیرانی كـــــــــوردوهەوادارانی شیعروخوێنەرانی دڵسۆز بێت...هـــــەڵبەت ، ســــــەرنج ورەخنە وبۆچوونەكانیشتان قبوڵن وســــــــــــــــەرچـــاوان.

حـەمـە ئـەحـمـەد جـــا ف

هەولێری پا یتەخـــت

2010

# حەزی تـامەزرۆ

دڵم... پێکراوی، پەیکانی
موژگانی چاوو... برۆیە.
چاوم... ئاوێزەی سەرنج و...
کەچەنیگای گفتوگۆیە.

---

دەستم... دەسرازەی پێچراوی
سنگێکی پڕ خەتوخاڵە.
پە نجەم... ئارەزووی گوشینی
دوومەمکی ژێر سوخمەی ئاڵە.

---

دەمم... تـامەزرۆی سەندنی
ماچێکی گەرم و شیرینە.
زمانم... ئارەزوی مژینی
شەهدی سەرلێوی ئەڤینە.

---

تۆش وەرەو... حەزی تـامەزرۆم
لەئامێزتـا... بلاوێنە
تەزووی ساردوگەرمی ئەوین
بەجەستەی سڕبووما بێنە.

---

بەڵکە... پاوانی سەرسینەم
گڕبگرێ و نەکوژێتەوە
وەك پەنگری ژێر خۆڵەمێش
لەئامێزتـا رەش بێتەوە

---

چوون دێرزەمانە عیشقی تۆ
بەندە لە تەلیسمی ونا
نیگات تیشك ئەپەخشێنێ
بەكڵاورۆژنەی دڵی منا

---

ڕیشوان/ قەڵادزێ
ئازاری /1977

## نزای خۆزگەیەك

هەر كە دیم شەونم بەرووی گوڵەوە
یەكسەر رووخساری تۆم كەوتەوە بیر.
لەناو تاڵە مووی پەرچەمی رەشتا...
وەك بەند كراوێ، كردبووتم ئەسیر.

---

هەر زوو ئەمزانی، بۆسۆی پەیامت
هەلاش و پەردووی دڵ ئەسووتێنێ.
چەخماخەو گرمەی هەوری وەلامت
شاری ئەندێشەو بیر ئەهەژێنێ.

---

خۆزگە ئەمتوانی، منیش وەكو تۆ
عیشقم بكەمە، هەلاڵەی گوڵێ.
هەتاكو هەنگی كۆلە مێشی دڵ..!!
سترانی شادی، حەزم بۆ بڵێ؟!

---

خۆزگە ئەمتوانی، وەك گۆرانیبێژ
مەقامی ئەوین، بۆ ناخ ببێژم
نەبادا ئەشكی سووتاوی شاعیر..!!
وەكو نەمامی بێ بەر بنێژم؟!

---

خۆزگە ئەتتوانی، وەكو شاعـیرێ...
وشەی شیرینت، نوقمیشیعركـــەی...

بۆ ئەوەی بڵێی (ئافەرین شاعیر)
چۆن دەتوانی مێزدەستۆی سیحرکەی؟!
---
خۆزگە ئەمتوانی بتکەم بەدایك و...
جەستەی شەکەتم لەمێز وەرێنی!
خەمم بکەیتە" توێشووی لای لایەو . . .
مەلۆتکەی هیوام" بۆ رابژێنی؟!
---
سلێمانی
حوزەیرانی 1977

## قردێلەی خۆشەویستی

وشەکانم، بەربەستێکن
بۆ هەواری گەرمە شینت.
گیان و سۆزی هەڵبەستێکن
بۆ لانەی نەرمی ئەوینت.

---

گەر زریان و بەفرو باران،
وازبێنن لەزستانی دڵ!!
مل دەنێمەوە، وەك جاران...
بەرەو خونچەو بەهاری گوڵ.

---

لەگەڵ گەشتی هەر سەیرانێك
یادگارێك بەجێ دێڵم
شوێنی جێ پەنجەی هەر جوانێك
بە مژۆڵی چاو دەکێڵم.

---

لەزەنوێرو دوندی هەڵدێر
خۆ دەدەمە، بەر بای وەشتان.
چەپکێك لەنێرگزو شلێر
دەچنمەوە، لە پێدەشتان.

---

دەیدەم لە بەرۆك و ئێخەی...
بووکی سەوزی بەهاری (نۆ)م
وەك قردێلەی خۆشەویستی...

**دەییەستمە، قژی یاری خۆم.**

---

**سەرچنار**

**هاوینی/1978**

# تراژیدیای برینێکی تری.....

# خەج و سیامەند

**هۆ خەجیلێ؟!**
**بەفری یەکشەوەی قەندیلێ...**
**هۆ شاگوڵی باخچەی ئەوین!**
**بووکی مەندی گەرمەشینم.**
**هۆ دڵداری چاوی چیا!**
**رێبواری عیشقی دێرینم.**
**خەجیلێ شۆخ...**
**گەر بیرت بێ!!**
**ئەو شەوەی کە بە تەنیایی،**
**لەهەواری دەبەندەنێ...**
**لەبەر تریفەی سەر گۆنای،**
**پەلکی سەوزی دارە بەنێ...**
**لەبەر قرچەی گەرمەنیگاو...**
**وەنەوزی چاوی خەواڵووی،**
**جێژوانی ئەم مانگەشەوە!**
**هەگبەی خەمی ( سیامەند )ت**
**بەبێ چرپە، لێککردەوە!**
**ورد ورد گەڕای...**
**تا لە کوانووی گەرم و سۆی دا...!!**

هەستی دڵ و...
چاوی شینی نە پشکوتوی ئەم چەند یادە:
{قوڵنگی فەرهاد، تاقی شیرین؟
کل و کلتووری خاتووزین؟
تیتۆڵی رانکەی کاکە مەم؟
دوو تاڵە مووی، پرچی رەشی،
گرێچە دراوی دێوانەو شەم؟
مێخەك و بەنك و بە نموورووی
سێوەکاڵێ...
ملوانکەیەکی ئەڵماس و...
قووتووی مەرجانی خەزاڵێ؟؟}
وەك: کۆرپەی ناز
لەئامێزی گراویتا...؟؟
بیلبیلەی چاویان کردەوە.
ئۆقرەت نەگرت؟
هەر ئەو شەوە
یەکدووجار پێیدا چوویتەوە...
هەتا پرێسکەیەکی کەسکی"
رەنگ قەزوانی؟؟
بۆتی روانی و...
دەروونی ئاشنا کردیەوە...؟؟
لێ نەگەڕای...
هەتا چوار گوێچکەگرێی ژانی
ئەو زامانەی... بۆ کردیەوە؟؟

کۆڵت نەدا...
تا کورتە چیرۆکی خەونی:
((دارەبەن و کەڵەکێوی))
ئەو ڕۆژانەی، یادکردیەوە!!
---
هۆ کەسی خۆم؟!
دەروونی قرچاوو بۆسـۆم
شوڕەسواری چیای سیپانم
سیامەندێ...؟!!
دەوەرەوەو... جارێکی تر...
لەمەڵبەندی ئەو ڕۆژانە
لە مورەغەی پشتی ژانا!
بەگەرووی ناسکە شیعرێکی،
وشکەڵی گەڵاڕێزانا...!!
لەسەر بستووی چیای سیپانا
بە بناگوێی سرکەمامزی،
پێدەشتەکانی گەرمیانا
هەڵکە بەندێ...
---
دەوەرەوەو... جارێکی دی...
لەو رەوەزە...
لەو باخ و بێستان و رەزە...
شنەی شەماڵی هەناسەت،

تێکەڵ بە لاوك و باڵۆرەی
گەرووی نەرمی!
نیگای گەرمی!
کوانووی سەرنجا، بکەرەوە!!
دەوەرەوەو... جارێکی دی...
لەو زەنوێرە...
لەو جێ پەزو بەردە بێرە...
لەسێبەری پرچی ژاکاوی،
رەشماڵی ئەم هەوارە!
قەوانی عیشقی رابردووی
(خەج و سیامەند) لێدەرەوە!!
بە پووشوی دڵ!
ئاگر لەقەزوانی شینی
دارەبەنێ بەردەرەوە!!
---
سیامەندەکەم...
دەوەرەوەو...
لەگلێنەی چاوی گەشی ئەم کوێستانە
شوڵێکی تیژ
لە پەلی هەمان دارەبەن ببڕەرەوە!!
وەکو: تیرێ
لەگوێی کەوانەبرۆی خەجێ
نیشان لەسەر دڵی گەرمی،

کەڵەکێوی ئەو بەندەنە، بگرەرەوە؟!
ئەوجا لەمێرگێ بەندەنێ
لەسای پیرە دارە بەنێ
بەرۆکی خەم بترازێنەو...
لەسەر کەوڵی کەڵەکێویی و...
شلکەڕانی گەرمی خەجێت، سەرکەرەوە؟!
---

قەڵادزێ
ئایاری/ 1984

# تۆبەندەری...
# کەشتی حەزو ئارەزوومی

ئەی کچی جوان..؟؟
هۆ ئاسکی سلکەری کوێستان؟؟
ئەی ئەو شۆخەی، بوویتە ئاشنای..
رۆخی دەریای خۆشەویستی و..
بەندەری حەزو راموسان؟؟
هۆ شوێنەواری سفتوسۆی"
جێژوانی هەواری پێشووم.
ئەی بەندەری کشو ماتی"
شە پۆلی حەزو ئارەزووم.
خۆ وەبیرتە.. ئێوارەیەك"...
کەشتی حەزم؟
بە ئەسپایی...
شە پۆلی ئەڤینی هەڵچووی"
دەریای نامۆیی شەفکردی و...
وردە... وردە
لەرۆخی بەندەری خۆزگەت"
نزیکبۆوەو... لەنگەری گرت.
تالەمێزی بلاژکتۆری چاوەکانتا
بنەو بارگەی خۆی لێخست و...

لەگۆشەی کەناری دڵتا

هەتا سبەی... لەمپەری گرت.

---

ناسکۆڵەکەم، وا ئێستاکەش،...

لەجیاتی بلازۆکتۆری دڵ..!!

مۆمی چەند ساڵەی تەمەنم

لە پانتایی لە پی دەستتا دەسووتێنم!

تا لەئاسۆی نەمرییتا...

پە پووی شومی" سەر لێوی خۆر

بەرەو کەوشەنی فرمێسک و...

کەلاوەی تەمتومان و سۆی... بڕەتێنم!

---

قەڵادزێ

ئابی/ 1985

# بەستەی ئەوین

وەکو چۆن حەزرەتی ( نالی )
بەندی داوی خاك و خۆڵە؟
هەگبەی یـــادو بیرەوەری...
( حەبیبە )ی گوڵی، لەکۆڵە؟

---

وەك چۆن ڕێبوارێکی تینوو
عیشقی ئاوی سوێرو تاڵە؟
منیش تامەزرۆی قومێکم...
بە پێکی ئەم لێوە ئـــاڵە؟

---

دلـــم ڕێبوارێکی وێڵـــــەو...
بە ئەسپایی بیخـــــەوێنە.
بەشیبای نەرمی ئەگریجەت
ئارەقی ڕێی بڕەوێنـــــــە.

---

تا چرپـــــەی وادەو بەڵێنت
لێداتەوە زەنگـــــی شەوم.
شلکە رانی گەرمی جێـــژوان...
بشکێنێتەوە" سەرخـــــەوم.

---

چونکە خەندەت، وەك ئاوی روون

سیمای تەڵخم دەشواتـــــــــەوە.
ئەوینت چەشنی ئۆقیـــــانووس
ئەشکی چـــــــاوم دەخواتەوە.
---
وەرەوونەك ئەشکـــــی تەنیایی
پێدەشتی حــــەزم تەڕبکا؟
هاوارو ناڵەی جودایـــــــی
بیستۆکی دڵم کــــــەڕبکا؟
---

قەڵادزێ
ئەیلولی/ 1985

# سوتانی شاعیر

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك رۆشن بکەم...
کێ لەرێی خەڵکا، وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ؟!؟
(هێمن)

کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
کاڵای ئەدەب لەبەر بکا؟
لەروانگەی گوێ ئاگردانا
{وشە} بە مێژوو وەربکا؟
---
کێ دەتوانێ بێ نان و ئاو
توێشووی وشە لەکۆڵ بنێ؟
بەرێچکەی زمانی زگماکا
رەورەوەی مێژوو پاڵ بنێ؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
لەتروسکەی گڕی زۆزانا؟
ملوانکە وشە، وەهۆنێ و...
بیکاتە ملی هۆزانا؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
بۆنی غەریبی هەڵمژێ؟
دوور لەزێدو گراوی خۆی
ناڵەی جودایی بیکوژێ؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر

گوێچکە لێفان هەڵداتەوە؟
ئەزموونی سەربڕدەی چەرخێ
بۆمە یەکالا کاتەوە؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
کۆشێ خێزان بە تەماکا؟
بە پێنووسی شکاوو کول؟!
باراشێکیان بۆ پەیاکا؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
لەدەرگای ئەفسانە بدا!؟
لەغارو ئەشکەوتی تارا...
لەزمانی دێوی رەش بگا!؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
هەگبەی خەم بکاتە کۆڵی؟
بە کانیاوی بن کەڵوەزان
تەڕبکا گۆلی بابۆڵی؟
---
لەبەر کلپەی چزیلکی گڕ
ئێشك بگرێ و رۆژکاتەوە؟
ژیلەمۆی عیشقێکی بەسۆز
لەکوانووی شەم کۆکاتەوە؟
---
کێ دەتوانێ وەکو شاعیر
بۆ تەنها رۆژێکی پیرۆز!!؟
ئەڵقەگرِی کەوێلی خۆی،...

بكاتە ئەنگوستی نەورۆز..؟!؟

---

کێ دەتوانێ وەکو شاعیر

لەشەوی ئەنگوستەچاوا؟

ئەنگوستی خۆی داگیرسێنێ

لەشەوارەی تازە زاوا؟

---

کێ دەتوانێ" خامەی هەڤبێژ

لەخوێنی {زوحاك} وەرکێشێ؟

لەسەر سینەی {ئازار}ێکا..؟!

پۆستەری (کاوە) بکێشێ؟

---

مەڵێن شاعیر ترسنۆکە و

ماتە.. وەك بەردی بن گۆمێ؟

لەهۆڵی شاری خامۆشا..؟!

ناسوتێ وەك گڕی مۆمێ؟

---

قەڵادزێ

نەورۆزی/ 1985

# پێنج خشتەکیەك....

# لەسەر غەزەلێکی

## ( بێ دەنگ )

گەر دڵی ئەو، وەك هەواری ( بێ خاڵ)بێ
بۆو بەرامەی، سروەو کزەی شەماڵ بێ
چ، خۆشەگەر، لەبۆتەی دڵما قاڵ بێ
{چ، بەختیارم وتەی یارم زوڵاڵ بێ
چ... غەمبارم کەلامی ئەو کەتاڵ بێ... }

---

وەکو دەریام" ((گەمێ)) ی یادم لەرۆخن
هەنگی حەزم، خولیای گوڵاڵەی تۆخن
جێژوانی خەونەکانم... زارکی کۆخن
{پە پوولەی شیعرەکانم... چەندە شۆخن
کەنیشتنیان لەسەر گوڵناری ئاڵ بێ...}

---

بەدەنگی ساز" هوزاری لەگوڵ تاك کرد
بەچاوی باز" منی تەسلیمی خاك کرد
بەعیشوەی راز" کە دڵداری بێباك کرد
{بەجلوەی ناز" کە رۆژگاری رووناك کرد
وەهای دانا، کە شەو بۆم ناڵەناڵ بێ...}

---

ئەما ئارام، لەدەست ئازارو ڕۆڕۆ
ئەزیزم جەرگی کوون کردم، خەمی تۆ
بەپەنجەی تۆ نەبێ، چارناکرێ....خۆ
{پزیشکی دەردەکەم تۆی" پێم بڵێ بۆ
دڵی من دەردەدارو خەستەحاڵ بێ...}

---

ڕەببی" دڕکی مەم وزین" بەپێتاچێ؟!
بۆچی ڕەنجم لەپێناوتا... بەباچێ؟!
دەبا لەشکری ( رق و غەم ) وەلاچێ...
{بەلای من ( موو )بە بەینی ئێمە ناچێ...
بەلای تۆ" بۆچی نێوا نمان بەساڵ بێ؟....}

---

دڵەی ساوام" کە هێشتا تازە ساڵە
وەکو خونچە وەهایە، ناسك و ئاڵە
لەبۆ باوەش گرووی گرتووە، بێ حاڵە
{ئەگەر تۆ دایکی بۆ دڵ" دڵ منالە
مەمانت بۆی حەڵاڵەو با حەڵاڵ بێ...}

---

ڕماندت هێمنیم" وێنەی تەلارێ
خەم و ناسۆر بەدەورمدا... دەبارێ
ببەخشە... بەو برینانەم" تیمارێ
{گوڵم تاکەی" دڵی عاشق، بەجارێ
بەتیری تۆ لەناو خوێنا" شەلاڵ بێ...}

---

كە برژانگت" هەیوانی دڵ دەماڵێ

دزەی نیگات" دەبێتە سۆی شەماڵێ

( حەمەی جاف ) شاهیدە.." وابوو بەساڵێ

{رۆحی ( بێ دەنگ )، بەبێ دەنگی دەناڵێ

هەتاکەی بولبوولی" بەسراوە باڵ بێ...}

---

سوڵتانەدێ/ پشدەر/1985

- بێ دەنگ: نازناوی شیعریی مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر عومەری شاعیرە

# پێنج خشتەکیەك....

# لەسەر غەزەلـێکی {حەیدەری}

چرچ و لۆچی نێو چەوانم، زەخمی کۆنی دولبەرە
یەك گەردی لەشم نەماوە، جێگە نووکی نەشتەرە
ئەو کاتەی دووریی لەچاوم، سینەم مۆنجی کەسەرە
{خەستەو بیماری چاوی تۆم، رۆحی شیرینم وەرە
چاوەڕێی دیدارێکی تۆم، یاری دێرینم وەرە...}

---

هاڵای نیگات بردمی و" کردمیی بێ کاڵاو بەرگ
جەرگ و دڵت قیمەکردم، بەنازی پەنجەی وەك زەرگ
بۆنی خۆشت گرتمی و" فرێی دامە بەر قاپی دەرگ
{دەردی عەشقت وەك نەخۆشێ خستمی و هاتمە مەرگ
نەك ئەجەل موهلەت نەدا، با تاوێ بتبینم وەرە...}

---

چەندە دڵخۆشم بە هەویای" ورشەی دەنگو رەنگو بۆ
پێخەفی مەرگم رادەدا، کزەی شەماڵی گفتوگۆ.....
چاك گرفتاربووم، بەسەودای عیشق و زامی سفتوسۆ
{دڵ بریندداربووم، بەتیری نازی چاوی بازی تۆ
بۆ تەماشای زەخمی دڵ" بۆ سەیری ناڵینم وەرە...}

---

هەر بە سۆنگەی عیشقی تۆوە، سەرگەردان و رەنجەڕۆم
کۆتی داوی زوڵفی خاوم، بۆیە دوور لەلانی خۆم

بەس بدە ئازاری گیانم، با هەڵنەڕژێ ئەشکی سۆم
{من لەدنیادا بە تەنها، تالیبی ماچێکی تۆم......
تالیبی ماچین، نیگاری چین و ماچینم وەرە...}

---

گوڵم... بۆ لەباخی سینەت، قەدەغەت کرد خەوتنم!؟
ئێستام بەدەنگەوە مەیە، کە گیانەڵای مردنم
نەك کۆنە برین بکولێنەوە، چونکە لەسەر رۆشتنم
{من نەهاتیم، بۆ نەهاتی" تا ژیام بۆ دیتنم
بارێ وەقتی مەرگ و" وەقتی دفن و تەڵقینم وەرە...}

---

تا ( جافە )ش مابوو، لەژینتا" تازە یاری نەورەسم
خنکام لەگێژی ئەوینتا" کەس نەبوو بگرێ دەسم
تۆش وەکو: ئەغیارو نامۆ، نەگەییە فریاد رەسم
{چونکە غەیری تۆ، نەمابوو" ئەر زەوی دینی کەسم
( حەیدەری )ش هەر بۆیە دەڵێ: شەمسەکەی دینم وەرە...}

---

کە نجاڕێ/ پشدەر
ئابی/1985

# تراویلکەی شیعرێکی ئاڵ

شیرینەکەم...
هەموو ساتێ
باریکە رێی دڵی وێڵت...
تراویلکەی شیعرێکی ئاڵی"
منی تێدا دەزێتەوە؟!
رق و کینەت دەخنکێنێ و..
خەمەکانت...
بە بارانی ئاڵی دیدەی...
دەشواتەوە!
باڵ بە مەلی خۆزگەت دەگرێ و...
بەرەو هێلانەی چۆڵی دڵ...
دەبیاتەوە!
ئەوکاتە مەلی کۆچەرییت
لە پشووگەی زۆزانێکا
ئارام دەگرێ و...
لەکلاورۆژنەی خەیاڵەوە
وێنەی سووری بەیان دەگرێ؟!
جا ئەمجارە... بە ئەسپایی
ئارەقی ئەم رێگە دوورەو...
ئەشکی سووری" بناری وردە خاڵ دەسڕێ؟!
ئەوێ دەمێش...
شنەی شەماڵی ئەوینم

پرچی ئاڵەکۆکی شوانیم، دادەهێنیٚ؟
فریشتەی بەهەشتی ژینم
شتلە گوڵی خۆشەویستیم؟؟
لەدێراوی وەردی دڵا، دادەچێنیٚ؟

قەڵادزیٚ
نیسانی/1986

# شەوێك....

# لەگەڵ ئەشكی پەشیمانی (كەیغانی)دا

## خاتو كەیغان...

ئەی بووكە شۆخەكەی بابان.
ئەی تروسكەی چاوی گەشی دارەشمانەو
شوانكارەی هەڤنادیاری؟
ئەی ئەو شۆخەی...
بوویتە ئاشنای كوردستان و،
ئەستوونی ژێر كە پرە شینكەی كوردەواری؟
ئەی ڤینۆسی نێو كەژاوەی...
عیشق و سۆزی میهرەبانی.
وا بۆ چوار پێنج ساڵێ دەچێ
كاڵەو پێتاوی غەریبیت؟؟
لەم وڵاتەیا، داناوەو...
رووبەندی سیمای بێگەردت
كردۆتە تارای نۆ بووكی..
شاری هەڵمەت و قوربانی.

---

هۆ خاتونە چاوشینەكە؟
ئەو كاتەی تۆ كۆچت كردو...
بارگەت بەرەو-فەڕەنگ-تێكنا

نەتدەزانی کە ( فەقێ حمەد )
لەئامێزی چاوەڕوانی و...
لوتکەی بەرزی عیشقی تۆدا
وەکو رنوە بەفری ( کێلێ )
هەرەس دێنێ و دەتوێتەوە!!؟
لەسێکوچکەی هەوارگەی"
میری بابانا...
دەبێتە کلۆیەك خەڵووزو...
لەکوانووی خۆشەویستیتا
وەك خۆڵەمێش"..
بەرەو نەمان دەچێتەوە!!؟
خاتو کەیغان...
لەورۆژەوە...
کە فرمانی ئەم کۆچەت بەجێهێناوە!
فەقێ ئەحمەد
خەندەی لێوانی فڕیوە.
لەوێستگەی چاوەڕوانیتا
کانیاوی ئۆقرەی تەقیوە.
گۆلی چاوی دارەشمانەش
لەکلاورۆژنەی نیگاتەوە
لافاوی ئەشکی هەستاوە!!؟
لەدووریتا بۆتە پۆلووی"...
گوێ ئاگردانی زەردەشت و...
بێ بەردەستێ" داگیرساوە!!؟

دەنگ:

هۆ کەیغانێ...

بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ...

دەسا زووکە بگەڕێوەو..

چیتر بەبەی دارەشمانە

لەبێشکەی دایەنی شەوا" مەخەوێنە!؟

(تروسکەی زەردەخەنەی خاو)

لەسەر لێوی گەش و ئاڵی"

(بابا سلێمان)و(خان بوداغ) مەڕەوێنە!؟

---

کەیغان:

راستە کە منداڵ شیرینە!

بەڵام لەوان خۆشەویستر...

نیشتمان و تێکۆشینە!

---

دەنگ:

راستە دەڵێن:

(سەر نەهێشێ"

پریاسکەی تێ مەئاڵێنە!)

بۆیە دەڵێم: تۆش وەرەوەو...

چیتر لەکۆشی بێ نازی"

کەژاوەی رەشی (کرابێتا) مەناڵێنە!؟

دە لە (ئەلیزا)وە فێربە...

بزانە چۆن؟

هەتا لەدنیادا مابوو!!؟

بۆ بنەو بارگەی قەرەجی“

شاعیرێکی وەك -ئەراگۆن-

هەمیشە مێزی والآبوو!!؟

---

## کەیغان:

فەقێلەی خۆم

قەقنەسی کوانووی سفتوسۆم

دەتا کەنگێ!؟

لەئەشکی پەشیمانیدا، لوول بخۆم و...

لەقۆپی حەزی ناکاما بتلێمەوە!؟

لەگۆلی ئەم مەرگەساتەو...

لەبۆتەی چاوی فەڕەنگا بتوێمەوە!؟

---

## دەنگ:

هۆ خاتونە قژ زەردەکە!

گەر تۆ نەبای...“

( فەقێ حمەدی دارەشمانە )

لەنسێی سەر تاتەبەردی

سەرچاوەی کانی ( خدرانا )

ئەڤینێکی سەرهەلگرتوو راینەدەداو...

ئاوزەنگ... نەی دە پێچایەوە.

سیمرغی شەو...

توێشووی بۆ هەڵنەدەگرت و..."

لەکەژاوەی ئەشك و ژانا

بێوچان .. نەدەمایەوە!؟

گەر تۆ نەبای...

( فەقێ ئەحمەد ) لەرایەڵی"

تەونی ئازاری دەبەنگا

ئەو شەوە ئەسیر نەدەبوو!

لەژێر پەردەی"

کەژاوەی ڕەشی فەرەنگا

بەبێ پەروا گیر نەدەبوو!

## کەیغان:

دەسا زووکە فریام کەوەو...

لەگێژەنی گۆمی چاوی شەوی تارا

دەرمبێنە!؟

خونچەی چوارساڵ پێکەوەبوون

لەباخی گوڵی پشکتوی دارەشمانە

مەژاکێنە!؟

## دەنگ:

کەیغانی شۆخ..!!

بگەڕێوەو..

چیتر زامی دارەشمانە مەکولێنەوە!؟

چونکە ئێستەش..

وەردو پێدەشتی بەرینی"
بەر بناری (شاخە رەقێ)
سارێژ نەبووەو بریندارە؟!
ئێستاش کەڤرەکانی (کێلێ)
پەڵەی خوێنی لەشکری پەرتو بڵاوی
داگیرکەری پێوە دیارە؟!

---

## کەیغان:

ئاخ... فەقێ حمەد لەکوێت بێنم؟!
تا کەنگێ فرمێسکی دووری،
لەچاوی کزو ماندووما..
بەسەر دەواری سێبووری،
هەواری ئێستاو پێشووما" ببارێنم؟!

---

## دەنگ:

خاتو کەیغان...
ئەی ئەو شۆخەی"
بوویتە ئاشنای کوردستان و..
هاورازی مەڵبەندی بابان.
گەر ئەمجارە گەڕایتەوە دارەشمانە
وەسیەت بێ لێت...
چیتر لەزارکی وەتاغی بێ نازیدا
(بابا سلێمان و خان بوداغ) جێ مەهێڵە؟!

نەکا ڕۆژێ فەقێ ئەحمەد،
ئاوری جگەر هەڵگرێ و...
جێبێڵێ ئەم هۆزو خێڵە!؟
---

قەڵادزێ

تەمووزی /1986

- دارەشمانە: گوندێکە لەناوچەی پشدەر و بەر لە (قەڵاچوالان) پایتەختی میرنشینی بابان بووەو فەقێ ئەحمەدیش با پیرە گەورەی بابانەو لەو گوندەدا لەدایکبووە.

# دێم و...دێم...

من دێم و... وەك شەستەباران
دێمی تەمەنت، ئاو بدەم.
ئەسپی نیگاو... سەرنجە رێم
لەگۆمی چاوتا... تاو بدەم.
---
من دێم و... وەك شنەی شەماڵ
بشنێم بەرەشماڵی خەمتا؟!
هەگبەی ماچی کۆچێکی ئاڵ
بخەم لەهەواری مەمتا؟!
---
من دێم و مەلۆتکەی شیعرم
شەتەکبەم بە باوەشتەوە!
نەکا پەڵەی هەوری پەڵە...
گوزەرکا بەرووی گەشتەوە!
---
دێم و نەکا چاوەڕوانیت
کانی ئۆقرەت، بتەقێنێ.
تیشکی کڵاورۆژنەی دوانیگا
بەفری تەمەنت وەتوێنێ.
---
دێم و لەنسێی کەزیتا

**بۆ تاویَ بحەسێمەوە!!.**

**ئەوجا بەرێچکەی باڵاتا**

**بەرەو خوار مل بنێمەوە!!.**

---

**دێم و لەیانەی سینەتا**

**بەدڵی پڕ لەبۆسۆوە!.**

**بە پێکی چاڵی چەناگەت**

**قومیَ فڕ بکەم بەتۆوە!.**

---

**هەردێم و هەواری خاڵێت**

**بۆ دواجار... بەسەرکەمەوە!**

**کالاّی عیشقی دێرینەمان**

**بۆ ساتیَ لەبەر کەمەوە!.**

---

**ئەوجا، دەڕۆم و، وەك (نالی)**

**بارتێکدەنێم، بەدڵگەرمی!!؟**

**ئاخۆ کێی تر... دەبیَ وەك (من)...**

**لەگەڵتا بدویَ... بە نەرمی!!؟**

---

**قەڵادزیَ**

**زستانی/1987**

**تێبینی: سروشی ئەو شیعرە لە (ناڵەی جودایی)مامۆستا هێمنەوە سەرچاوەی گرتووە..**

# ئاوێزەی سەرنج!

**زوهرەخان... ئەی کارمامزی گەرمەسێر**
**هۆ بێری نێو کۆزە بەرخی بەردەبێر**
**---**
**هۆ ڕێواسی پەلك سەوزی بن بەردان**
**ئەی نێرگزو، شەنگەبیزای نێو هەردان**
**---**
**زوهرەخان... ئەی مەدالیای کوردەواری**
**هۆ ئاڵەکۆکی، شوانکارەی هەواری**
**---**
**هۆ داربەڕووی خۆرسکی کردگاری**
**ئەی ئەستوونی ژێر ڕەشماڵی بناری**
**---**
**کە جارجارە بەناز چاوم لێ دەکەی**
**مۆمی نیگام لەگۆناتا پێ دەکەی**
**---**
**کە جارجار دێی و بە لامدا رادەبری**
**لاشەی سڕم دەخەیتە لێوی قەبری**
**---**
**کە نیگات بەلای منا دەچەرخێنی**
**خونچەی گوڵی ئارامم دەژاکێنی**
**---**

بنەوبارگەی بێستونیم دە پێچیەوە
وەکو شیرین تەشی یاد دەڕێسیەوە
---
زەردە خەنەت وەکو گڕ" دەمچزێنێ
مەلی خۆزگەم" بەرەو لوتکە دەفڕێنێ
---
بۆیە قەت لێت وەرناگێڕم" چاوی خۆم
چونکە شەیدای" مێژی گەرمی ناوی تۆم
---
کە دیلیی تۆم سووچی خۆتە بیزانە...
کە تۆش دیل بی، نیشانەی سەرسوڕمانە!!
---

قەلادزێ/ بەهاری/1987

# دەڵێن دێی

گوایە دەڵێن:
گەر چاو بفڕێ
یا تاڵێ موو تاق بێتەوە.
ئازیزترین کەس دەبینی و...
دەرگای بەختت دەکرێتەوە.
ئەی بۆچی من؟
هەرچەند مووم تاق دەبێتەوەو...
چاوم ئەفڕێ
جگە مۆتەکەی تارمایی
کەس نابینم
بێ و لەمزڵی دڵم لادا
هەر هیچ نەبێ...
تەنیا ساتێ؟!!
لەدوا پێکی زەردەخەنەی"...
گیانەڵاو ماڵئاواییدا
هەواڵێکی تۆم بداتێ؟!!
---

قەڵادزێ/ کۆتایی/1987

## بالۆرەی دوو بانگەواز

( ١ )

شێخ فەرخ:

خاتوونەکەم...

( خاتوونە ستی )

گەر دەتەوێ...

وشەی جوانی ( خۆشەویستی )

لەفەرهەنگی نیوەشەوی"

ژانی ( فەرخێکا )دەرێنی.؟!

گەر دەتەوێ...

بەژن و بالآی وەکو توولت

پرچی ئالۆزکاوو لوولت

بەچوارچێوەی...

کەژاوەی عیشقمدا بێنی.؟!

دە وەرەو لێم جیامەبەوە

نەکا خەزانی تەمەنم!

دەست بنێتە بینەقاقای"

چەپکە وشەی کرچ وکاڵی،

بالۆرەی سەر لێوی ئاڵی...

فەرهەنگی خەم؟!

---

گەر دەتەوێ...

تویٚشووی هەواریٚکی دوورو،
کەشکۆڵی خەمی جوداییم
بە لاشان و ملی (کۆ)دا، هەڵنەواسی؟!
پرچی دێوانە ئاساییم
لەهەندەرانی ئەژنودا، پێ نەناسی!!
دەوەرەو لیٚم جیامەبەوە
نەکا سەوەڕی (شوغاڵێ)
لەوەرزی خەنەبەندانا!
لە پرخەی خەویٚکی خۆشی"
شەوی یەڵدای پاییزانا!
لەقیبلەگای خۆشەویستی"
میحرابی (کانیە خاتوونێ)"
دێوانەی کەوێڵ و ماتەم را پەڕیٚنێ!!
بەڕیٚچکەی خۆشەویستیتا، مل بنیٚت و...
هەر بۆ تەنیا بۆن کردنێ"...
پەرژینی سینەو خاڵ و مەم ببەزیٚنێ!!

---

دەوەرەو لیٚم جیامەبەوە...
نەکا ریٚی هات و نەهاتێ...
لەکۆڵ بنیٚم!!
خوناوکەی فرمیٚسکی گەشی پەشیمانی،
لەداوێنی تارای سووری بوکیٚنیتا"
لەژیٚر دەواری (شوغالا)...
پێ لێ بنیٚم!!

دە مەڕۆو لێم زیز مەبەوە...
نەکا زەنگی کاروانی ( شام )
لەگوێما... بزرینگێتەوە!؟
بالۆرەو حەیرانێکی تر...
لەگەرووم... بپرینگێتەوە!؟
---
( ٢ )
خاتوونە ستی:
هۆ فەرخۆڵە...
دێوانەی ئەو هەردو چۆڵە
گەر دەتەوێ...
لەدوا ژوانا
لەکۆچی رەشی خەزانا
بە کۆی زوخاڵی هەواران"
تارای بووکی ژێر دەواری،
رەشی ( شوغاڵ ) بسووتێنم!
بە فرمێسکی شەستە باران،
رموزنەی خێڵی هەواری"
کوێستانی خاڵ...
رووەو گەرمێن... وەگەڕێنم!
بە خەندەی زاو...
پە پووی شومی سەرلێوی ئاڵ" هەڵفڕێنم!
بەبسکی خاو...
خۆڵەمێشی دڵی کوانووی،

چوار وەرزی ساڵ" وەگەشێنم!
دەوەرەو لێم جیامەبەوە...
ئەمشەو لام بە...
نەکا لافاوی نەفرەتی،
( حەزرەتی نوح )
لەئامێزتا... هەستێتەوەو سەران بەرێ!!
( دەلتای نیل )یش
خەم و پرسە داگرێتەوەو...
لەشینگاتا...
بە کوڵ بگری و رەش داگەڕێ!!
---
فەرخۆڵێ من!
گەر دەتەوێ...
بە بەردەستێی عیشقێکی تر...
بمسووتێنی!
لەدۆزەخی پەژارەو ماتەمێکی تر...
بمقرچێنی!
گەر دەتەوێ...
بە گاسنی خۆشەویستی،
دێم و وەردی دڵێکی تر...
هەڵنەکێڵی!
بیرەوەری ( خاتوونە ستی )ت
لەگەرووی شوغاڵێکی تر...
جێ نەهێڵی!

دەمەڕۆو لێم جیامەبەوە...

دەوەرەوەو... ئەو بەهارەی

لەسەر ( زینووێ چاو ڕێژانێ )

خەمەکانت بنێژەوە؟!

بە کلچێوکی ( خاتونێ ماڵە میرانێ )

چاوی سووره قوڵینگێکی تر" بڕێژەوە؟!

لەدەروونی سفتوسۆی

( وسووی موغانی )

کەوێڵ و وەتاغێکی تر" داڕێژەوە؟!

بە قەربیلی خۆشەویستی...

بەسەر جێژوانی دێرینی ( داودێ )دا

عیشقێکی گەرمی تازەتر" دابێژەوە؟!

---

هۆ فەرخە گیان..!

گەر ئە مجارە گەڕایتەوە بۆ کوردستان

بۆ کوێ  دەڵێی لەگەڵتادێم؟!

لەمیحرابی خێوەتی ( کانیە خاتوونێ )

بێ چرپە... لەگەڵتا دەدوێم؟!

دەسا زووکە بگەڕێوەو...

دیسان لەنوێ

وەکو جاران وەرەوە سوێ"

ئەستیلەی ماڵە مەڕداران

بە نووکی کلچێوکی دیدەم

داستانی ( داودێ و شامان )

لەگەڵ مەقامی ئازیزەی"
ئەستیلەو فەرخۆڵەی مامان،
لەدوو تویێی فەرهەنگی خەما، تۆمارکەوە؟؟
بەرەو پشدەر
وەك سوورە قوڵینگی نامەبەر...
بچریکێنە؟؟
لەدڵی ئاسمانی شینا
بەسەر هەوارگەی ئەوینا...
باڵەکانت راوەشێنە؟؟
بەرەو مەکۆی خەم وکەسەر
بڵندو نەوی
گەوەو کەوی... بپێچەوە؟؟
هەتا سبەی..
لەگۆلی (کابەکری)دڵم...
میوان بەوە؟؟
---

سلێمانی
ئایاری/1977

ئیحای ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ داستانە عیشقە ئیلاهیەکەی (شێخ فەرخ و خاتوونە ستی).

# پێنج خشتەکیەك...

## لەسەرکوێستانی دڵی ( ئازاد بابان)

خۆشەویستی دڵ، بێ مەرزە
گوڵزاری گوڵی... چوار وەرزە
تاکڕنوش بەرین بۆی" فەرزە
{چونکە کوێستانی دڵ" بەرزە
دەیگرێتەوە بەفرو تەرزە}

---

سەرم وەك بەفری سارایە
سینەم چاوگەی سەد هیوایە
ئەشکم خوێنەو لەبن نایە
{تەبعم هەروەك چیا وایە
بۆیە لوتکەی لەتەم دایە}

---

هۆ لابەری رق و قینم
هامڕازی خەندەو ئەسرینم
پەریزادەی خوێن شیرینم
{تۆم هەڵبژارد بۆ ئەوینم
ببیە هاوڕێی ریگەی ژینم}

---

دڵ لە پێناوتا عەوداڵە
دەست بەرداربوونی مەحاڵە

چونکە شەیدای خەتووخاڵە
{هەرچەند ڕێگەش درك و داڵە
بەڵام هێشتا ئەوین زاڵە}
---
ئێستاش دڵم بێشکەی خەمە
کوانووی ژیلەو گڕو تەمە
هەڵقرچاوی تیشکی مەمە
{کە سەر دانێم هێشتا کەمە
چونکە جوانیت هاوتای شەمە}
---
وا بەدکارمان" چاری کرا
بەکر مەرگەوەڕ ڕاو نرا
دەرگای دوودڵیی داخرا
{ئەو ئەوینەم کردە چرا
کە تاریکی پێ لا درا}
---
بەنازەی دایی و( بابان )ێم
نوژداری ئازارو ژانێم
خۆمنیش مایل بەژوانێم
{لەسەر سینەت کە سەر دانێم
دیارە هەرگیز مەیلت نانێم}
---
قەڵادزێ/1987

# دەنگت متوربەی دەنگم کە!؟

- پێشکەشە بە (تۆ)... کە نەتتوانی ببی بەمن !!؟

- (سازە)، ئەی جوانی بەنازم
هۆ ئاورنگی سەر پەڕی دڵ.
تروسکەی زەردەخەنەی خاو...
هەی ئاسك و کارمامزی سڵ.

---

جوانی تۆ هەزار ئەستێرەی،
کاروانکوژەم ئەخاتە خەو!
کەژاوەی -سێ ساڵ-ئازارو...
شەونخونیم ئەخاتە رەو!

---

ئەسمەر، لەوەتەی تۆم دیوە
جڵەوی ئارامم بەربووە!؟
نەك هەر دڵ" بەڵکو سینەشم
گڕی سۆزتی تێ بەر بووە!؟

---

لێم روونە، نەشتەری خەزان
پەردەی نهێنیم پێ ئەدڕێ!
جوانترین شیعری ناسکم...
لەژێر پێتا پێ سەر ئەبڕێ!

---

دە كچێ وەرەو بەسە ئیتر
چیتر بە خۆتا مەنازە!
لەروانگەی بەرزی ژینتەوە
پەڵپی گەورەم لێ مەخوازە!

---

ئێستا.. من خاوەنی خۆم و...
كەشكۆڵێ شیعرو، پێناسم!
لەشیعر زیاتر چیم هەیە
بە گەردنتا" هەڵیواسم!

---

بێ و... چاوێكی بەزەییتم
لەسوچێكەوە تێبگری.
نابینی" كە جارێكی تر...
چاوی شیعرم بە كوڵ بگری.

---

ئازیز" هەتا كەی شەنی خەم
ئەمكاتە خەرمانی دەم با؟
تاكەی ئەو زریانە تووشە
لەخۆیم لوولەداو دەمبا؟

---

نەمزانی سەرتا پای عیشقت
ئەشكە نجەو ماڵوێرانیە!
ئاكامی هیوای ئەم دڵەش

کڵۆڵی و سەرگەردانیە؛

---

لەوەتەی تۆشم ناسیوە

( خەم ) هاودەم و میوا نمە؛

خورجینی ژانەکانی تۆش

بارێکەو لەسەر شا نمە؛

---

نەمزانی لەباخی سنگتا

هوزاری دڵ، هەڵفڕیوە.

قەڵای سێ ساڵ عیشق و ئەوین

بەسەر یەکا تێکچمیوە !

---

نەمزانی زیندانی دیلیی"

بۆتە هاوڕازو دێدی تۆ؛

کۆتی کۆمەڵی دواکەوتوش.

بۆتە سنووری زێدی تۆ؛

---

زەبرو زەنگی نەریتی کۆن

بارگەی خەم ئەخا لەژوانتا

مافی ژینت ئەسوتێنێ و...

تارای رەش ئەدا بە شانتا

---

کە دێیتە ناو ئەوکی یادم

گریان بیرم ئەشێوێنێ؛

خەندەی لەئەشکا شۆراوت
کڵپە لەدڵ هەڵئەسێنێ!

---

ئەشکی یادت، زەنگوڵ زەنگوڵ
دێتە خوار بە زەڵمی چاوما!
پشکۆی گڕ" ئەچزێ بە لەشماو...
تێپەڕ ئەبێ بە هەناوما!

---

کێ بێ و لەئەلبومی ژینا
پەڕەی یادت هەڵداتەوە؟
مەگەر قەرەجێکی وەك من
جار جار بە سەرتکاتەوە!

---

تەنها هەر دێم و پەیامێ...
بخەمە گۆڵی دەستتەوە!!.
بێ و لێشم بچی بەقینا...
ئەرژێمە دەریای هەستتەوە!!؟

---

ئەمزانی کە میوانی دڵ...
تەنها ژان و شکستییە!
ئەوەی یەك تۆزە رووناکی"...
ببەخشێ، ( خۆشەویستی )یە!

---

دەکچێ وەرەو بەسە ئیتر

کۆتی بێدادی بپسێنە!
دەنگت متوربەی دەنگم کەو...
دەروازەی خەم بترازێنە!

---

وەرەو بسکی چارۆکەییت
بدە بە کەشتی هێمنما
با هەناسەم بیشەکێنێ
بەسەر سینەی شاری ونما

---

دەوەرەو لەکانی مەمت
پڕ کە دێمکەی بەر پەرێزم!
بەداوی زوڵف و پەرچەمت
لێکبەستە، مەلۆی ئامێزم!

---

تۆ هەناسەی ئەو هەڵبەستەی"
نوقمی خوێن و خاك و گڵمی!
کیژۆڵەیەکی... سیاچارەی"...
کوردی"... نیشتیمانی دڵمی!

---

نازانم چۆن و... تا کەنگێ
لەدڵتا شی ئەکرێمەوە!؟
داخۆ چ زمانێکی شیرین
وەڵامی پێ ئەدرێمەوە؟

---

( بیسمیللا و مەکەو ئەیەڕۆ )ش
نابنە بەربەست، بۆ ئەوینم!!.
چوون... تۆم لەخۆم... خۆشترئەوێ...
پەریزادەی خوێن شیرینم!!
---
گوێچکەت بێنە با پێت بڵێم
گەر پەیامی راستیت ئەوێ!؟
بێ و... لێشم بچی بەقینا
هەتا مردن تۆم ( خۆشەوێ )!؟.
---

قەڵادزێ
1988/4/15

## فرمێسکی شەو

( سازە ) خاتوون...
ئەمشەو خەونێکی شیرینم"
پێوە دیوویی!
لەمن وابوو...
بە کالآیەکی رەشەوە.
هاتیە لام و...
وتت: دوێشەو
شیعرێکی جوان و ژیکەڵەم
بۆ نوسیوویی!
منیش وتم: بێنە کوانیٛ!؟
تۆش کتوپڕ...
دووگمەی سینەت ترازاندو...
لەناو درزی سنگ و مەمتا
گوێچکەی کاغەزێکت گرت و
وتت: هانیٛ!؟
کە شیعرەکەتم خوێندەوە
لەخۆشیانا، شاگەشکەبووم
بزەم هاتیٛ، رووم گەشبۆوە!
بەلآم سەد ئاخ!!
لەگەڵ خوێندنەوەی دوا دێڕا
بەدڵۆپە فرمێسکێکی ( داخ )
ناوی پیرۆزت، رەشبۆوە!!

قەلآدزیٛ/1

# کورەی دڵ

کەسم سازە
( ئەی لەجوانی بێ ئەندازە )
گەر شەپۆلی عیشقت نەبێ
کەناری دڵم بێنازە؟!.
ئەی ئەو خۆرە قژ زێڕینەی"...
لەئاسۆی ڕەنگئەرخەوانی"...
دڵما هەڵدێی؟!
دڵم گەرمەو...
کورە ئاسا داگیرساوە
ئێستا لەکوێ جێت بۆ دانێم
نە گەرمات بێ، نە بسووتێی؟!
هۆ لەئازیزم... ئازیز تر...
ئەی ئەو شۆخەی"...
لەگەڵ ژا نما گەورەبوویت و...
دەنگت کردۆتە متوربەی"...
دەنگی خامۆش و نووساوم؟!
تا لەدڵما نەسووتاوی"...
جێبێڵە هێلانەی دڵم و...
گوزەرکە سەر هەردوو چاوم؟!
---

قەڵادزێ/ئایاری/1988

# دووڕیـــــــا نی دابـــــــڕان

دەڵێن : عیشق و خۆشەویستی
( مەرگ و کۆتـایی ) نازانێ!!
بەڵام خۆشەویستی ئێمە...
بۆ ( سەمای مردن ) دەڕوانێ!!

---

هەرچەندە دڕکی ڕێچکەڕێی
تەمەنم" بۆ چنیویەوە!؟
لەجێژوانی وەرزی ژانـا
ئەشکم لەروو سڕیویەوە!؟

---

بەس، تەنها خەندە و چرپەت بوو...
سێبەر ئاسا بە دوومەوە!؟
دەنا گاردی لێوەکانت
دەستیان دەنا بە رووممەوە!؟

---

ئێستاش پەتی بێ بەڵێنیت
بۆ گەردن شۆڕ ئەکەیتەوە!
دڵنیام کە ڕۆژێ دادێ..
لەهەوارما بخەیتەوە!؟

---

وا دەڕۆیت و خەمی ڕێگا

یەکەم هەنگاوی مێژووتە!
هاڕژنی ئەشکی دواسەفەر
لایلایەی ژان و تێشووتە!
---
گەردەمزانی.. خۆشەویستیم
لەدڵتا کەرەستەی خاوە!!
وەك قیبلە نەم ئە پەرستی و...
هەر زوو ئە مخستیتە لاوە!!
---
ئەوا وەرزێکە فرمێسکت
هەڵەڕژێ بەسەر گۆناما!
گیا رەشی سنگ پاراو ئەکاو...
ئەچێ بە قەڵشتی زاما!
---
دڵنیام غوربەت دەتکوژێ و...
دەرگای بەختت ناکاتەوە!!؟
کاروانی ئەم کۆچەتاڵەت
لە هیچ وارێ... ناخاتەوە!!؟
---
گەر دەمزانی دوا پێکی کۆچ
ئاوا تاڵ و جەرگبڕە!!؟
مەلۆتکەی شیعری عاشقم
لەئامێزتا گێژو وڕە!!
---

کەر   دەمزانی کوختی ئەوین
تەژی لەعیشق و گریانە؟!
دوا مزلّی خۆشەویستیمان
...  دورِیانێکی دابڕانە؟!
---
مەجبوور نەدەبووم، دوا پێکی
خەمەکانت بخۆمەوە؟!؟
شەوانە بەرەو کوختی زام
رێ بگرم و بڕۆمەوە؟!؟
---
کە رۆیشتم و ڕۆیشتی"...
تێدەگەی (کۆچ) زۆر بەسۆیە؟!
ئەو هەموو خەم و غوربەتەش...
تاوانیان لە ئەستۆی تۆیە؟؟
---
بازیان 1989

# میوان

دەڵێن هاتی
بەخێراتی!!
دەبڵێ... ئازیز...
بەم ناوەختە چی هێناتی؟
دەپێم بڵێ کێ هێناتی؟
بۆچی هاتی؟
بەڵام... نا... میوان ئازیزە!!؟
گوڵدانی مێزی نەورۆزی"...
چەپکە نێرگزێکی زیزە!!؟
دەڵێن گوایە:
(میوان خۆشەویستی خوایە)
گەر میوانیش ئازیزت بێ"...
خۆشەویستی لەبن نایە!!.
ئێستا بڵێ:
-چی هێناتی؟
-بۆچی هاتی؟
کێ هێناتی؟
---
ماتوڵ هاتی
دەبێ بڵێم:
سەدجار بڵێم بەخێراتی

بەخێراتی سەر دوو چاوم؟؟

(لەوەتەی تۆ تیاما هەڵبووی

نەك هەر دڵم...

هەموو جەستەم بۆتە ژیلەو...

بە شا تیشکی چاوەکانت داگیرساوم؟؟)؟

---

ئێستا ئازیز

میوانی دڵەی مات و زیز

دواجار دەڵێم:

زۆر بەخێرێی

سەرچاوو دڵ بەخێرهاتی؟؟.

ماتوڵ... میوان وا ئازیزە

یاخوا ئازیز...

لەئازیزان

بۆ ساتێکیش نەبن قاتی؟؟.

---

قەڵادزێ/نیسانی/1988

- ئەو کۆپلەشیعرەی نێو کەوانەکە هی مامۆستا (حەمەی حەمە باقی)شاعیرە...

# ڕەهێڵەی ئازار

## *بە ( تۆ ) پێشکەشە*

کاروانی ڕازو کۆچی سووری تۆ
بێ ماڵئاوایی من بەجێ دێڵێ؟!
بوکی ناکامی حەزو ئامەزرۆ
( داخ )بە ئینجانەی دڵما دادێڵێ؟!

---

قەوانی عیشقی ڕابردووی تەمەن
ئەدا بە گوێما لاوکی غوربەتی!.
سەدای ( لای لایە )ی گەرووی نیوەشەو
ئەمنێتە کۆشی گەرمی مەینەتی!

---

مەلی سەرنجم" دێوانە ئاسا
هەوارەو هەوار ئەسوڕێتەوە.
چاوی خەواڵووی ژێر ڕەشماڵی شەو
پێڵوی وەنەوزم ئە پێچێتەوە.

---

دیدەت، هێلانەی مەلی سەرنجەو...
سینەت کەژاوەی شەوی بوکێنی!!.
تاریك و ڕوونی گزنگی چرپەت
ئەداتە ئاسۆ تیشکی مزگێنی.

---

بڵێسەی یادت مێشکم دا ئەگرێ و...
لەچەمی ئەشکا ئەکوژێتەوە.
تیری برژانگ و زەخمی تیژی دڵ...

نیشان لەزامی کۆن ئەگرێتەوە.

---

هوزاری باخی گوڵزاری شیعرم
رووەو هەواری تازەت مل ئەنێ!.
تریفەی گەشتی ئەستێرەی بەیان
لاجانگی سووری گزنگ ئەتەنێ!.

---

دڵم لەبۆتەی خەمتا ئەقرچێ و...
عیشقم رووبەڕووی ژان ئەبێتەوە
خۆزگەم دووچاری شکستی دەبێ و...
تەمەنیش گەڵای زەرد ئەچنێتەوە.

---

وا خەندەش لێوی ئاڵتی چۆڵ کردو...
بەشانیا کردم پرپاسکەی ئازار.
دەروازەی زامی شەوی کردمەوەو...
خوێنی کردە بەر گوڵاڵەی نزار

---

گڤەی باڕەش و رەهێڵەی ئازار
خوناوکەی خەونی سەوزی مژیوە!.
خەندە بۆ سەر لێو ناگەڕێتەوە
چونکە ئاونگی فرمێسکی دیوە!.

---

بازیان/ کۆتایی/1989

## گەردن ئازایی

**بە ( س ) دیارییە**

**بیستوومە کە ئەڕۆیتەوە**
**لای من گەردنت ئازابێ**
**لەقەفەسی دادگای دڵتا**
**تاوانبار تووشی سزابێ**

---

**پەری سیحرم... دەك بەخێرچی**
**بەڵام دڵنیام... دێیتەوە..؟!**
**لەبێشکەی شارێکی ترا....**
**بێ من... چۆن سەردەنێیتەوە؟**

---

**دەبا ئەم شیعرەت پێشکەش بێ**
**هەتا هەتایە بەدیاری**
**لە پەڕەی ئەلبومی دڵتا**
**داینێ بۆ کاتی نادیاری**

---

**دەتۆش خەمت لەدڵ دەرکەو**
**وازبێنە لەسووتانی دڵ**
**بە ڕاڕایی دا یمەشێلە**
**وەرزی خونچەو بەهاری گوڵ**

---

**نەکا شەماڵی گفتوگۆ**
**گەرمێنی دڵ بتەزێنێ**
**هاڕژنی عیشقی تانوپۆ**
**مەرزی دڵم ببەزێنێ**

---

وا دەڕۆیت و بەجێم دێڵی
بێ ئەوەی گەردن ئازاکەی
چۆن دڵت دێ مەلی خۆزگەم
بە تەنهایی بەرەڵاکەی

---

تازە... بارانی ئەم وەرزە
باغی جوانیت وەبەردێنێ
لەدێراوی وەردی دڵما
گوڵی عەشقت دادەچێنێ

---

من دێم و وەك گۆرانیبێژ
گۆرانی عەشقت بۆ بچڕم
تابتوانم کاڵای شیعرم
بە باڵای چنارتا ببڕم

---

دەتۆش بەفرمێسکی دیدەت
مەشۆرەوە چاوی بە کل
تادێم و... شیعرێکی تازەت
وەك گەردانە دەکەمە مل

---

قەڵادزێ/حوزەیرانی/1988

# پرسیار؟

((1))

لێیان پرسیم:
کێت خۆشەوێ؟
وتم: مەلۆتکەی ئەم شیعرەی"...
لەبێشکەی دڵما ئەسرەوێ.

---

-2-

وتیان: ئەی بۆچی خەمەخۆی؟
وتم: بەخوا
من خەم ناخۆم
(خەم) من ئەخوا!!

---

-3-

وتیان: ئەی ڤینت لەکێیە؟
وتم: ئەو کەسەی بە پەلە
لەئاونگی خەندەیەکا..
بێ هەدادان ئەکا مەلە!!

---

-4-

ئەدی ئێستا بۆچی ئەگری؟
وتم : مەستم
(گریان) لەبری هەتوا نمەو..

ئەشك ئەشواتەوە نەستم
تا رستێ لەفرمێسكی سوور
لەگەڵ خوناوكەی ئارەقی،
گەردنی ( سازە )خاتوونێ، ...
بهۆنمەوەو..
وەك ملوانكە،
بیكەمە ملی هەڵبەستم
---

بازیان/بەهاری/1991

# سێ پێکه شیعر

## 1-وەرزی ئەوین

هۆ کناچێ
لەسەرەتاوە دەمزانی
سەرهەڵدانی یەکەم وەرزی
خۆشەویستیت
تا هەتایە لەبیر ناچێ
گەر دەمزانی
چۆن بوو جارێ"...
پێم نەگوتی: بێنە لێوت؟
بۆ ئەو شاعیرە بێدارەی
وەلی ئاسا
نیشتیمانی شەم تەی ئەکاو...
خۆر ئەکا بە زێدی نێوت؟!؟

## 2-غوربەت

سازە خاتوون..
دەڵێن: ئامێزی بەزەییت
کردۆتە ئەنواو پەناگەی:
خاچی سوورو..
پەناهندان وەخۆدەگرێ؟!
دەدەی ئێستا..

لەمن وێڵدەتر کێ هەیە؟
بە تەنیایی و لەغوربەتا
بێ ئەنوا سەربنێتەوەو..
(لەبەرقاپی کەسێ بمرێ!؟)-
---
## 3- بانگەواز
گەر دەتەوێ...
دەنگم ئاوێتەی دەنگت بێ و..
وتەو دەم لێکدی حاڵی بن!
وشەکانم..
لەگومەزی کوڵمی سوورو..
منارەی بەژن و بالاتا
رەوە کۆترێکی ماڵی بن!
دەوەرەو لێم جیامەبەوە
دەوەرەو ببە کەییانووی"
ماڵ و دیوەخانی دڵم و
هاودەمی خەم و فرمێسکی"
ناو تەلاری خامۆش مەبە!
شیرین ئاسا
ئاسۆی نهێنی دڵ شەفکەو..
لەکەژاوەی ئەشك وزامی
بوکی ناکامی بێستونا
بە ئاشکرا دەنگ هەڵێنەو..

**لەدوا رەنج و شەونخونی**

**ئەم چەندساڵەی“**

**هەقی فەرهادت خۆش مەبە!؟**

---

**قەڵادزێ/1987**

**- ئەم نیوە بەیتەی نێو کەوانەکە هی ( مەحوی )ی شاعیرە-**

# كلاَفەیەك بیرەوەری لوولدراو

بەرەو ئاسۆی زەردی پاییز
خەزانە هەنگاوم ناوە؟!
بەرەو جێهەوارگەی ئازیز
مێرگ و پێدەشتم شێلاوە؟!

---

بەرەو مزڵی( هیوای سوور)*م
ملم ناوە سەر بەرەو ژوور
بەرەو ژوانی خەونی دوورم
مەزڵم بردۆتە سەر سنوور

---

بەرەو قۆتیلکاوی بەردان
بە کەڵوەزاندا گەڕاوم!
لەتینوایەتی و لەبرسان
کوێراییان داهاتوون، چاوم!

---

بە توولە ماری رێی شاخا
بەفرم بە سینگی بڕیوە
بە رێچکەی وشکارۆی ناخا
زۆر چقڵم لە پێ چەقیوە

---

مڕەو لووشەو، دەنگی نەدیو

هەنگاویان پێ گەورە کردووم
هاژەی ئاوی نێو دۆڵ و شیو
بە تەواوی کاسیان کردووم
---
بۆقی سەوزی نێو دەراوان
لە لەشم.. هەڵبەزیونەوە!
قازو قوڵنگی، چۆم و ئاوان
لەخشپەم.. سڵەمیونەوە!
---
سەی شوانانم.. پێ وەڕیون
تا نەدیوو، هەڵیان بڕیوم
وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە
چوار دەورەیان لێ تەنیوم
---
بەسەر بەردی گڕن گڕنا
هەڵگەڕاوم، تا سەربەنێ
بە کوێرە ڕێ و ڕێچکە بزنا
( ڕێگەم ) ون کردوە بە تەنێ
---
ئەوەم هەموو لەخەیاڵن
ئێستاش لەگەڵیانا شینم!!
لەیادما شیرین و تاڵن
هەردەم لەدڵیانا ژینم!!
---

بێتوش/کۆتایی /1983

*** تابلۆی بیرەوەریەکانی مامۆستا( غەریب پشدەری )شاعیر ئیحای ئەو شیعرەیە*.**

# پەیامێك بۆ ئەسمەر

ئەسمەر...

ئەی نیشتیمانی قرمزی خۆشەویستیم

ئەمشەو لەمەملەکەتی رۆندکتەوە هاتووم و...

بەرەو دنیای زەردەخەنە ملی رێم گرتووە؟!

دەوەرە بێژە پێم ئێستا...

- کێ لەزمانی نهێنی زەنگی فرمێسك و...

ئاوازی زەردەخەنەت دەگا...،...

من نەبێ؟!

دە پێم بێژە ئێستا...

- کێ لەحەشری زیکرو تەهلیلەی ماچە سەفەرییەکان دەگا...،...

تۆ نەبێ؟!

---

هێی... ئەسمەر...

دەوەرەو لەزەردەپەڕی خۆرئاوای ئەم ئێوارەیەدا- وەرزێك لەگوڵ و...

- گوڵێك لەشیعرو...

- زەمەنێك لەخۆشەویستی بچنەو...

تەمەنێك لەمێژووی قژتی پێ وەرازێنە!!.

ئەوسا" تویێشەبەرەیەك لەسەفەری بزە

بکەرە لاشانی شوانکارەیەکی عاشق و...

بەدەم هۆرەو لاوکی هەواری رازەوە

بەرەوەزی رۆحما هەڵزنێ!!؟

دەوەرەو...

بۆ تەنیا ساتێك

لەنیگای سەرنجتا نقومم کەو...

نم... نم

بەسەر دێیەری وشکەڵی دڵما بباریٚ!!.

---

ئەسمەر...

ئەی نیشتیمانی شیعری سەفەرییم

ئەم ئێوارەیە...

لەمەملەکەتێکی ئەسمەرەوە هاتووم و...

ئەمشەو...

لەوڵاتی زەردەخەنەتا دەمێنمەوە

دەتۆش وەرەو...

ئێوارە گەشتی ئەم عیشقەمان

لەمایکی ( دابڕان )و( گەڕانەوە )دابچڕەو بڵیٚ:

- دابڕان لەژوان و فرمێسك

- گەڕانەوە بۆ زەردە پەڕی ئێوارەو زەردەخەنە!!.

دە ئێستا...

هۆ ئەسمەری ئەم مەملەکەتە سەفەرییە ئەسمەرە

وەرەو نەبادا ئەمشەوی شەڕە نەعلەتیە

سەرەنگومم کاو...

بە هەگبەیەکی پڕ لەنهێنی و رازتەوە بمرم!!؟

وەرەو نەبادا...

لەرۆژژمێری دیدارو چاوەڕوانیتا سەربنێمەوە...

بەحەسرەتەوە...
لەبڵندگۆی چیاکانی برینمەوە
دوا سروودی مەرگ و...
دوا گۆرانی ماڵئاوایی
بۆ پەلکە زێڕینەی خۆرو...
چاوی نێرگزی (قەیرە کچی شەو) بچڕم؟!!
---

شــــە قلاوە/1996.

# بزەی بەفرو...

# ئەشکی وەنەوشە

هۆ کیژگەی وەنەوزە ئەشکی چاوی دەریا؟!

من هەرچەندە... لەداوێنی رەوەزی چاوی چیادا

لەدایکبووم

- وەلێ نیازمە...

لەبزەی بەفرو فرمێسکی وەنەوشەی خوێنی ئاڵتەوە...

نیشتیمانی قەوزەیی، قژ خۆڵەمێشیت جێ بهێڵم و...

جارێکی دی!... خۆم بخزێنمەوە قەوقەعی شەوڕۆکانی مێژوومەوە

- ئەو شەوڕۆیەی"... لوتکە بە لوتکە دەناسێ!!

- ئەو لوتکەیەی" تۆی بۆ کردوومە پێناسێ!!

- ئەو پێناسەی"...

بۆنی غوربەت و سەفەری بێ گەڕانەوەی لێ نایە؟!!

ئەو غوربەتەی"...

بەسپایی لادەکاتەوەو خۆری هیوای تیا هەڵنایە؟!!

ئەوسا من...

- نەمدەزانی کە ئەمشەو لەگێتی سۆزتەوە

رێگای کاکێشانی عومرت ئەگرمە بەر

پە نجەی لەرزۆکم... دەخەمە سەر سنگی هەتاو و سێبەر

- گوڵم... شاکناچەی بەفر...

- ئەی وەنەوشە ئەشکی رووبار

- ئێستاش بیرمە پێت ئەگوتم:

نێوا نمان کلاورۆژنەیەکە، لەبەفرو خوێنی وەنەوشە؟!!

- وەلێ ئەفسوس...

تۆ بۆ عومرێ هەڵوەدابوویت...

بۆ تاوێ زیکرو... تەهلیلەی دێوانەییم...

کۆشێ گەڵای هەڵوەریووی گوڵەگە نمت بۆ دەهێنام؟!!

منیش خەرواریك لەخەم و...

گومێك لەخەونی خەنەیی و...

لانکەیەك لەگڕوگاڵ و لایلایەم بۆ رادەژەنی؟!!

- وەنەوشەی دڵ

زۆر لەمێژە، وێڵم لەدوو نیشتیمانێکی سەفەریی و...

فرمێسکی کۆچی ناوادەی"...

کچە قەرەجێکی بێ مەنزڵ!!.

زۆر لەمێژە...

لەکلاورۆژنەی خەمە پایزییەکا نمەوە

پە نجەرەم لەژوانی پێڵوی"... چاوەکانت داخستوەو

دەرگام لەمامزی رۆحی فریشتەییت کردۆتەوە؟!!

فریشتەکەم... سەرەتا نەمدەزانی تۆ...

لەحەژمەتا... پشتت ئەکەیتە شەوانی تەنیاییم و...

بە تونێلی نوتەکی دڵما رادەبری؟!!

شەوانیش دوا سێرەی نیگام...

پێ لەدرزی پەچەی دەرگای هەوری ئاوسی تەمەنم ئەگرێتەوەو...

بەسەرپشتی ئاسمان و خۆرو دەریاوە...

ئەستێرەی موشتەری و زوهرەم پێ دادەگری؟!!

- وەلێ ئاخ... نەمدەزانی تۆ...

گەمێی یادت...

ڕووەو خۆرئاوای غوربەت و...

دووڕیانی ڕووبارێك ئازار وەردەچەرخێ و...

بەرەو بەندەرێك لێوانلێو لەخەمێکی ئەرخەوانی؟!!

ئێستا زانیم...

نێوا نمان دوورگەیەکە لەدەریای وەنەوشە

دەریایەکە لەتەمتومان

تەمتومانێکە لەوەهم و دوڕیانی فرمێسکی دابڕان

وەهمێکە لەژیان و مردن

کاشکا ئازیز...

ئەمشەو... لەدەلاقەی سۆزو سەرنجتەوە دەتڕوانییە...

دەرگا کلۆمدراوەکانی بزەی بەفرو

ئەشکی سووری وەنەوشەییم ؟!!

گەورەم... بەفر...

بزانە چۆن...

پەرستگای بتی خەواڵووی عیشق و سوتان

تێکدەشکێنم...

مێشەنگی خۆشەویستییەکی ئەزەلی

دەوروژێنم

ئەوجا... پەنجەرە چاو ئاونگیەکەی نێوا نمان

ئەدەمە بەر کزەی بزەی وەنەوزی تەزیووی بەفرو...

هەناسەیەکی بوڵێڵ و...

بەئەشکی گەشی وەنەوشە

یەك یەك نیگا گریاوەکانی شەو و...

تەوێڵە ئارەقچنەکانی سەفەر ئەسڕمەوەو...
لەسەرەخۆ...
دەرگاو پە نجەرەی دڵمت
بۆ دەخەمە سەرپشت...
جا ئەوسا گوڵم" تۆش وەرەو...
بە کاڵایەکی رواژا دەریایی و...
چە پکێ گوڵەوەنەوشەوە
بە بەردەممدا رابوورەو...
ورد ورد بە دەرزی مژۆڵ و...
هەودای سپی کەزیەکانت؛...
تڵیشی شەوڕۆکانی شەوانی تەنیایی و..
پێشمەرگایەتیم بدوورەوە؛؛؟.

---

مەرگە/شوباتی/1981

# سەعاتی سفری سەفەرو....
# سەمای فرمێسکە مواریەکانی
# ئێوارەیەکی پاییزی قلیاسان

---

* به ( بێخاڵ ) ی هاوڕێ و هاوسەرم پێشکەشە *

---

ئەم ئێوارەیەش ...

دوا سەعاتی سفری سەفەرو ..

شەوژوانی پاکیزەیی ئەم عیشقە تەوقیت دەکەم و..

هێور ...هێور..

لە نیگای سۆزو چاوی قەدەرەوە

هەنگاوی بەرائەتی زەردە پەڕی کچە شیعرێ

دەکەمە تێشووی ڕێگای چارەکە قەڕنێ ئەشکی مرواری و...

بەرەو مەملەکەتێکی قژزەردی سوورو سپی

دەکەومە ڕێ!!؟

دەکەومە ڕێ و...

هەتا سەحەر...

لە مەئوای کاروانکوژەی جێماوی ،...

سەعاتی سفری سەفەرو...

سەمای فرمێسکەمرواریەکانی

ئێوارەیەکی( قلیاسان ) رادەمێنم و..

لەگەڵ ئاونگی کازیوەی تیشکی ئاسۆی نیگاتا دەتوێمەوە!!؟
دەتوێمەوەو...

دڵۆپ...دڵۆپ ..دادە تکێمە...
سەرپشتی کۆماوی ( گەلی ) و
چەمی چاوی شە پۆلەکانی( زێی گەورە ) و..
کەزیە بەفرینەکانی ( سەفین ) و...
چڵ و گەڵاوپەلك و پەڕی ژاکاوی ،..
گوڵە باخەکانی( شەقڵاوە ) و...
بای نەسیمی سوبحدەمی ،..
هەوارە ماڵەکانی( بێخاڵ ) و...
گەواڵە هەوری ئەو دەڤەرە قژ زەردەو...
کەشتییەکی وێڵی ڕۆخ دورگەیەك.....
دورگەیەك...لەو دەریایەی ،..
بە پشتی کۆمی شە پۆلەکانیەوەهەڵیگرتم و...
لە عیشقی قوڵی ناخیا ...
نوقمی کردم!!؟
* * *
چرای ماڵم ( بێخاڵ )
ئەمشەو...لە زەردە پەڕی ئێوارەیەکی عیشق و...
کوختی خۆشەویستی چڵی،..
خەندەی لێوی ئاڵتەوە دێم و...
ورد...ورد...بەرەو...
چرکە پاییزیەکانی تەمەن و...

شەوژوانی فرمێسکە سپییەکانی ئێوارانی ( بێخاڵ ) و
دوا مزڵی هەناسەی هەتاو..هەڵەکشێم!!؟
هەڵەکشێم و...
لەوێ...چەوازی وڵاتێکی خۆرئاوای سەفەریی و...
ناسنامەیەکی تەزویری خۆرهەڵاتی سپێدە..
ئەدەمە دەست....
بازگە سەرمابردەڵەکانی ئێوارەیەکی بەفرانبار و..
چڵێ وەنەوشەی چەمی چرپەی ،..
تەمتومانی تەمەنێکی تەمگرتوو
ئەخەمە یەخەی خورجینێ سۆزی شیعرو...
مەنزڵی زیکرو عیشقێکی دەروێشی ،..
ئەکەمە خەڵوەت و چەگوارا!!؟
* * *
بێخاڵ...
ئەی شنەی شیعرو تاسەو بیرەوەریم
وەرەو.. ئەمشەو...
لەسای رەشماڵی رەشی قژتا
رمی ڕوانینم لەنیگای گەرمی نەرمی سۆزتا چێکەو...
دەروازەیەك لە ئاتەشگای زەردەشتی خۆرو...
بارانی شەونمی شەرمم !!
لە روودا بکەرەوە و...
بەسپایی...
تارمایی شەوانی غوربەت و تەنیاییم
بڕەوێنەو...

دیوانی شیعرو... وشەم

بکەرە چراخان و..

مەزاری مەرگم پڕکە لە گوڵ و خونچەی ،...

ئەو بەهارەی یەکدیمان تێدا ناسی و...

حیکایەتی ژیان و تەمەنمان

بۆ یەکدی گێڕایەوە ؟!!

*     *     *

هۆکەییانووی کوختی تاری دڵی چۆڵ و...

چرای ماڵە بێ ترووسکەکەم ..بێخاڵ !!.

ئەمشەو ...شەونمی شەرمم لە روو دەتکێ و..

رۆحم دەبێتە پەرەسێلکەیەکی سپی قەدەرو....

بە دار تێلە کانی بالآتا هەڵەزنێ و ..

هەواڵی نامەیەکی منتان دەداتێ!!

نامەی دووری

نامەی دڵئارامی و سەبووری

گوڵ ئێستاچم لەتۆناوێ..

تەنیا سۆزوزەردەخەنەو..

عیشقێکی شێتی دەروێشی نەبێ ؟!!

چم لە تۆ ناوێ...

تەنیا بزەیەك بۆ...

خۆشەویستی خاك و رووخۆشی نەبێ ؟!!

ئێستاش بەو شنەیە دەژیم...

لە دەواری سپی بسك و کەزی ،...

ژوانی هەواری ( بێخاڵ ) ی بێ خاڵتەوە هەڵەکاو...

ئارانی جەستەو رۆحم ئەشواتەوە؟!
کچێ...لەو رۆژەوەی تۆم ناسیوە؟!
ناسنامەو مێژووی دیوەخانی پادشاکانی جافی عیشقم
کردۆتە شۆرەتی زێدو بینایی؟!
لەورۆژەوەی تۆم ناسیوە..
میعادی ژوان و..
فیراقی زەمەن و..
پاییزی چرکە کاتژمێرییەکانی،..
ترپەی دڵی ڕێم...کردۆتە ئاشناو...
هاوڕازی ..شەوانی غوربەت و تەنیایی ؟!!
* * *
ئاشنای ڕۆحە چکۆلەکەم ..بێخاڵ
ئێستا لەهەرێمی گچکەی دڵما بۆتدەگەڕێم و...
لە بیابانی سووتەمەرۆی خۆڵەمێشیی پێنج حەرفی گڕاوییدا
ئەتدۆزمەوە؟!
دەتۆش وەرەو...
وەرەو لێرە...بمدەرە بەر...
رێژنەی ماچە سەرابییەکانی خۆراواو...
لە زەردەپەڕی تارمایی دیداروژوانتا
ببەرە شـــــــنەو..
بە سەرتەوێڵی شەکەتبارما هەڵکە؟!!
وەرەو ...لە نیشتیمانی قەدەرو...
کەژاوەی فرمێسك و ژوا نما بتوێرەوە؟!
ئەو قەدەرەی ،...

کاڵای سۆزو..تەلای بەرائەت و...

باڵای زۆزانێکی کردە جێژوانی ،...

یادو سەرابی ئەم عیشقە دێرینە؟!.

*     *     *

بێخاڵ...

ئاشنای شیعرو...رۆحە چکۆلە بیٚ هەستەکەم ؟!

وەرەو...شوێن پێی ،..

هەنگاوەکانم هەڵگرەو...

ببە هەگبەی ،..

عیشقە (سیٚ) ساڵیەکەی سازەو..

کەشکۆڵە شیعری دەروێشیم؟!

وەرەو ببەرە دیوانی پڕووشەی بەفرو..

ئەشکی داستانی باران و ...

بۆنی خاکی حاکە لێوەو ...

ئاسمانی چاو شارکێی مانگ و..

جریوەی قەڵەمی ئەستێرەی وشەکانم

دولبەری من..

وا ئەم ئێوارەیەش...لە زەردەپەڕی سۆزتا ئاوا ئەبم و...

لە خەرمانەی نیگای نێرگزیی ،..

چاوە سەرابیەکانتا هەڵدێم !

دەتۆش وەرەو...

بە ڕێژنەیەك ماچەوە

بە سەر ساپیتەی تەمەنی زەردەپەڕی عیشق و..

دەواری سەر ما ش ویرنجی ،..

قەرەجبیەتیمدا ببارە ؟!!

وەرەو لێرە...

لوێچیٚ بەزەیی و...

گۆڵیٚ بزەوزەردەخەنە

بە لێوەوشکارۆکانم بسپێرە؟!!

وەرەو لێرە...

یاداشتێك بیرەوەری

وەرزی وەرینی گوڵەستێرەو....

زەردەخەنەی کچی زەردە پەڕ

بکەرە شەوارەشەوی،..

کچــە شیعرێکی قـــــەدەر

ئەو کچەی تۆ کردتە یارم

ئەو چوانەی تۆکردتە دیارم

ئەو بەستەی تۆکردتە ئیحای ،.

جواترین هۆنراوەوسازم؟!

ئەو کەسەی تۆ کردتە خولیای ،..

سەعاتی سفری سەفەری ،..

کەژاوەی فرمێسك و ڕازم!

کە (ویش ) تۆی ..

بیٚ....خا.......ڵ ..

* * *

شـــــــەقلاوە

پـــــــــاییزی / 1996

# دوا پێکی ماڵئاوایی

## - بە کچەکانم ( هاژە ) و( لاژە ) پێشکەشە-

ئەو ئێوارەیەی"...

جانتای سەفەرم تێکناو"...

توێشووی ڕێگایەکی دووری"...

بێ گەڕانەوەم پێچایەوە

- دووماچ...

- دوودڵۆپ فرمێسکی گەرم...

بوونە پێکی ماڵئاوایی و...

دڵخۆشی دڵمیان دایەوە!!

---

ئەم ئێوارەیەش"...

بەرلەوەی پە پوولەکانی ڕۆح

لەگەڵ شە پۆلی وەنەوزا...

بکەونە بەزم و چاوشارکێ!!

تێر گوشیمن بەسنگمەوە

بەدوو دڵۆپ فرمێسك و...

دووماچ...

دوا ماڵئاواییم لێکردن!؟

ئەمزانی ئەو بەیانییەی"...

بەرلەوەی کە لەخەو رابن...

ئەڕۆم و جێیان ئەهێڵم؟!

ئەڕۆم و...

لەواگۆنی کەژاوەی سووری بوومەلێڵا

جێگا ئەگرم؟!

لەگەڵ سروەی کازیوەدا"...

بەرەو نیشتیمانی ئەستێرەکان"...

ئەکەومەڕێ؟!

ـــــ

هۆ گوڵیلکەکانی باخی دڵم

ئەزانم ئەم ئێوارەیەش، وەك زۆر لەئێوارانی دی...

لەدوا وێستگەی چاوەڕوانی گۆدۆی باوکی کلۆڵتانا

دەرگای دڵتان کردۆتەوەو...

داوەڵ ئاسا، راوەستاون؟!

ها... ئێستا... ها تاوێکی دی...

(بابە) لەدوا سەفەری دوێنی شەو ئەگەڕێتەوە؟...

دووچنگ نوقڵتان بۆ ئەهێنێ...

ئێوەی منداڵ...

ئەو ئێوارەیە نەتان ئەزانی، لەجیاتی (بابە)

(قەرەوڵێك) خۆی ئەکا بەژووراو...

لەئامێزی شەوەزەنگی رەشەبادا"...

هەڵتان ئەگرێ و...

لەتەویلەی سەرمابردووی ماڵە سوڵتانێکا...

بەندتان ئەکاو...

بووکە شووشەی دڵتان   ئەدزێ .؟!
کۆرپەکانم...
نەمئەزانی، ئەو ئێوارەیەی جێم هێشتن"...
دوا ئێوارەی ئەشکی سوورو...
دوا ماڵئاوایی و دوا ماچ بوو!!؟

شەقڵاوە/تشرینی دووەمی/1996

# منم...

# کە... ونم!!

- پەیمانەکەم...
بیرمە ئەتووت:
- من نازانم چەند ئەبێ رۆژئاوا بووە؟!
بەشەقامێکدا ئەگەڕێم"...
کوڕە هەڤاڵێکی دڵسۆزم لێ ون بووە؟!
- وەرە منم... ئەو هەڤاڵەی"...
بەکوچەو شەقامەکانی"...
نیشتیمانی زەردەپەڕو خۆر نشینا
لەدووی وێڵی!!؟
- وەرە منم... ئەو هەڤاڵەی"...
شوێن پێکانیت هەڵگرتووەو...
لەحەژمەتا...
نەشتەری پەنجەی هەنگاوتی"...
لەجگەریا جێ ئەهێڵێ!!؟
---
- دەدەی ئێستا... سا پێم بێژە
چیت لەهەواڵ و سۆراخی"...
ئەو هەڤاڵەوە بیستووە!!؟
ئەو هەڤاڵەی لەسۆنگەتا...

کۆچ سەری پێ هەڵگرتووە؟!
گوایە کفری کردووە کە:
تۆی لەخۆی خۆشترویستووە؟!
- کچێ چاومەست...
دڵنیابە... ئەو هەڤاڵە
لەو رۆژەوەی تۆی بینیوە!
بزە لەدوندی لێویەوە راخزیوەو...
خەم بەفراسا...
بەسەر کوختی سەرمابردووی"...
نێو بەفرستانی تەمەنیا دابارێوە؟!
بۆیە ئەڵێم... دەکچێ وەرەو...
ببە بووکی" ئەو هەڤاڵەی"...
زەمەنێکە لێت ونبووەو...
عەیامێکە خۆشتدەوێ؟!
با لەهەلۆرکەی نیگاتا سەرکاتەوەو...
تا هەتایە... تیابسرەوێ؟!
---

هەولێر/1997

# ئێوارەی خەمە سپیەکان

***بە رۆحی کەنەفت وماندووی ( باوکم ) پێشکەشە***

**لەوەتەی هەم**
**بەفروکەڤری نیشتیمانم**
**بەخوێنم، سوور دەچێتەوە!!**
**لەوەتەی هەم**
**مێژوو یاداشتی تەمەنم تۆمار دەکاو...**
**مەرگیش ملوانکەیەکی ئاڵ...**
**لەئەشکم، دەهۆنێتەوە!!**
**لەوەتەی هەم**
**خەم، خەم دەبڕێ و...**
**متوربەی خەم...**
**لەسەر درەختی کەسکی خەمم چرۆ دەکا!!؟**
**( رۆندك ) خەندە لەمێز دەگرێ و...**
**( گریان ) یش ... سپیەتی بسکی رنووەبەفرو...**
**ردێنی ماش و برنجی پیرەدار بەڕووی تەمەنم**
**لەساڵۆنی ئێوارەیەکی ناوەختی خەزەڵوەرانیگرۆ دەکا!!؟**

**---**

**- ئەی خەمەکە...**
**- هۆ ئێوارە تەوێڵ گرژو بە تەمەکە!!**
**لەوەتەی من وەبیرم دێ**
**شادی تەرییە لەگەڵم و...**

( خەم ) خانەخوێ و هاوسێیماڵمە!!
( جەنگ )یش وەکو مۆتەکەیەك...
لەسەر سینگ وشان و باڵمە!!.
لەوەتەی هەم...
لوتکەم خوێنی لەبەر دەتکێ و...
چیای پشت کۆماوی عومریش،...
گۆچانی پیرەدار بەڕووی مێژوومی بەدەستەوەیە!
لەوەتەی هەم...
پشتێن و قەیتانی شەوڕۆی بنارمم نەکردۆتەوەو...
تفەنگیشم هەر بە شانەوە!!؟
کەچی ئێستاش،...
دایکی کەنەفتی وڵاتم زەیستانەو...
دوو هەزارو حەوسەد ساڵە
دەتلێتەوە،.. بە ژانەوە!!؟
---
- کەسم ئەی خەم
- تۆ بڵێی ئەو رۆژە دابێ...
لەدیارو زێدو چەگوارام
( خوێن )بنەو بارگە تێکبنێ؟!
جارێکی تر لەگەڵ ئازیز...
دەست لەناو دەست
بەرەو( ژوان ) هەڵزنێمەوەو...
دەم بنێمەوە گەردنێ !!؟
---

دەخیلتم ئەی خەمی سپی
چیتر مەمپێکە بەکپی
چونکە ئەی خەم
لەوەتەی هەم
خەم، خەم دەبڕێ و...
متوربەی خەم
لەسەر درەختی کەسکی خەمم چرۆ دەکا!!؟
(رونداك) خەندە لەمێز دەگرێ و...
(گریان)یش ،... سپییەتی بسکی رنووە بەفرو...
ردێنی ماش و برنجی پیرە دار بەڕووی تەمەنم
لەسالۆنی ئێوارەیەکی ناوەختی،...
خەزەڵوەرانیگرۆ دەکا!!؟
دەخیلت بم خەمی سپی !؟
چیتر مەمپێکە بەکپی!؟

هەولێر/ئازاری /1999

# سەفەری زەردەخەنە

- بە( پ )پێشکەشە-

لەنیشتیمانی سەفەری زەردەخەنەی پەیمانەوە دێم و...
تۆش لەودیوی دوا هەنگاوی زەردەپەڕی نازتەوە
سەمای کۆچی گوڵەگەنمی خەمەکانم ئەدوێنی و...
ملوانکە ئەشکی مرواری ئەم سەفەرە
ئەخەیتە گەردنی زەردی ڕۆژئاوای عیشق و...
لوزەوی خۆشەویستی و ژووان لیخن ئەکەی!!
ئازیز..
ئێستا سەدەیەکە ڕۆژئاوابووەو..
تۆش لەوڵاتی غوربەت و عیشقی ئەزەلیمەوە دێیت و..
ئەسپە شێی زەردەخەنە
ڕووەو بەرایی بەرائەت و..
پایزێك حەزی هەڵوەریو... تاو ئەدەی.
کچێ وامن !!
لەڕۆخانەی ڕۆحتەوە
لەنیگای سەمای پڕ حەسرەتی مژۆڵتەوە
بەرەو ڕەشماڵی خەمی خەزانی ئەم جەنگەڵی خوێنە
مل ئەنێم و...
دوا پێکی شەوە هەناسەسوارەکان
لەبۆتەی گەرمی ئاوێزەی سەرنج و سۆزی سووتماکتا
ئەخۆمەوەو...
گوڵەشیعری پەرچەمت

لەئاونگی سەرگۆنای کچە کانیلەی بەرماڵان و..
لەدوو توێی کەژاوەی پەلکە زێڕینەی رووخسارتا
ئەشۆمەوە.
دەتۆش... ئاشنا...
هاوڕێی شەوانی تەنیاییم
چاوەڕێم بە... لەو شەوانەدا دێم و...
لەهەواری تەمەنتا ئەمێنمەوەو
لەژێر دەواری سپی بوکێنیتا
لەسەر شلکەڕانی شەوانی جێژوانی پەیام و پەیمانم
سەر ئەکەمەوەو...
هێدی... هێدی
بێشکەی ساڵی برینی هەنگاوەکانت
رائەژەنم؟!

---

هەولێر/1999

# سیٚ ساڵ....
# لەمێژووی عیشقێکی شێت

(1987)

کچیٚ سازە...

بۆ یەکەمجار کە تۆم ناسی

لەئاوێزەی سەرنجتەوە عیشقت بووم و...

لەناخمەوە خۆشمویستی؟!

هەر ئەو کاتە...

- یەکەم نامەی عیشقی هەڵچووی عومری هەرزەو...

رستیٚ لەملوانکە وشەم...

لەزنـــــەی ئەشکی چاومەوە...

بۆ هەڵبەستی؟!

(1988)

ساڵ وەرسوڕاو...

وەرزی ئەوینێکی شێتی سەرهەڵگرتوو...

لەنێوان و مەعبێنماندا...

دەستی پێکرد...

- یەکەم نامە...

شووناسی خۆم و...

دیرۆکی عیشقێکی شێت!

- دووەم نامە...

خەندەی خامە...

لەوەسفی جوانیی لە نجەی ڕێت!

- سێیەم نامە...

بەڵێنی ژووان!

- چوارەم... لەسەر مەوعید هاتی و...

بەگاردی دڵم سپاردی!؟

هەر ئەو ساڵە...

12نامەو...

31 دەنك لەمرواری ئەشکی وشەم

بە پەیکی دڵدا بۆ ناردی!؟

(1989)

کچیٚ خواگیر...

ئەو ساڵ" سیٚ ساڵی ڕەبەقە...

داخلٚ بە کەوشەنی سووری"...

دڵت بووم و...

بوومەتە پارچەیەك لەتۆ!؟

- بەدەم خۆشە!!!!

31دەنك لە مرواری ئەشکی وشەو...

222نامە... تەژی لەخەمی سفتوسۆ!؟

- بەدەم خۆشە!!!

سیٚ ساڵی عیشقێکی شێت و...

ژووانی شەوانی بەرقا پی،...

کوختێکی پڕ لە ژارو ڕوژان؛
لەمنی مێزی کرێوەو...
هەگبەیەك لەخەم و گریان؛
کچێ ئاخر... بەدەم خۆشە؛؛
- مێژووی شەوانی تەنیایی و...
- جوگرافیای نەبوونی شوێن و ژووانی دیدار
- چوار جۆگەلە دڵۆپە خوێنی( شیعر نامە )؛؛؟
لەمنی ئێشکچی ئەشکی تەنیایی شەوانی خامەی،...
قەرەجێکی بێ ناسنامە؛؛؟
بۆ تۆیەك... چەمێ لەعیشق و...
دەریایەك لەئەڤینی ون؛؛؟
ئەو عیشقەی منی کردە تۆو...
نەیتوانی تۆ بکاتە من؛؛؟

---

بازیان
کۆتایی/1989

# میعادی فیراق

تۆ چارەنووسی دوارۆژی"...
نەخشەی وارێکی گڕگرتووی!.
لەدەریای مەندی ئەوینما
لافاوێکی سەرهەڵگرتووی!!

---

چ زوو... لەشارۆچکەی دڵتا
کاڵای عیشقمت... داماڵی؟!
هەروەکو تۆفانەکەی نوح...
چرۆی سەوزمت ڕاماڵی؟!

---

چ زوو... زەردەی لێوەکانت
لەئاسۆی دەم کەلی زیزا...!؟
وەك شاخێ لوتیان داژەنی...
بەسەر هەواری ئازیزا؟!

---

ئێستا کۆچباری قەرەجیت
بۆ کێ و لەکوێدا خستووە؟
لە جێژوانی کام هەوارە...
لکی رەشماڵت بەستووە!؟

---

بۆ هەواری ... چ ... زۆزانیٚ
مەرزی دڵمت بەزاندووە؟!
لەگۆڵی چ زستانێکا...
مەمەکانت... تەزاندووە؟!

---

لە بەزمی... چ تەیمانێکا...
کوڵمەکانت... ئەنگواوون؟
لەوەتاغی... چ خانێکا...
ئەنگوستەکانت سواوون؟

---

دەزانم لە وڵاتێکای"...
شەقام هەنگاوی بڕیووی؟
لە پێشانگای جوانی رووتا
خەندەی سەرلێوی کڕیووی؟

---

جا چۆن ئەشکم لەدووریتا...
کوڵی دڵ... دانامرکێنیٚ؟
رۆژە خۆشەکانی ژینم...
قەوان ئاسا... نادرکێنیٚ...

---

چۆن بیرەوەری دێرینت
نابێتە هاوڕێی کوێستانم؟
شا وشەی جوان و شیرینت
رێچکە نابن... لەداستانم؟

---

چوون هاتی و... له یەکەم ژوانتا...

خۆت خستە قە پیلکی زینم؟

وەك ( شەم ) بۆ ( وەلی دێوانە )

خزایتە کوختی ئەوینم؟

---

ئێستاش ( بێت ) بەرووی وشکەڵی

ڕەوەزی کوێستانی تینووم!.

دەزانم... لەو هیجرانەتا

هەڵەتان دەبەی... لەزینووم!.

---

کێ دەڵێ؟ وەرزییم نابێ...

بەتۆزو گەردی غەرییبیت؟!

هێڵی یەکبڕی ئەوینمان...

گوزەر ناکا... بە تەرییبیت؟!

---

( نامەی دووری )ت گەردێ چییە...

لەئازارم... هەڵنامژن؟!

چونکە وشەی تازە زاوت...

لەگەڵ عیشقمدا... هاودژن؟!

---

نەمزانی... تەلیسمی جوانیت

بۆ من هەر خەم و مەراقە!!.

هەموو دیدارو ژوانێکمان...

روو لە میعادی فیراقە

---

چوون... ڕۆژی ژوانی من و تۆ...

زۆر بێ وەفاو سەرەڕۆیە

تا بە وەسڵی یەکدی دەگەین

بەشمان... (مەکەو ئەیەڕۆیە)

---

## - بێت: بێ تۆ

سلێمانی /1979

# كە تۆم ناسی؛؟

کە تۆم ناسی...
بۆ یەکەمجار، خۆشمویستی.
بەزەنگیانەی وشەکانم،..
گەردانەی عیشق و ئەوینم"..
بۆ هەڵبەستی.
---
کە تۆم ناسی...
عیشقم بوو بە شەونمێك و...
بەسەر گیسووی شیناوەردی
بەهاری وەرزی تەمەنتا
وەکو تاڤگە، هاتە خوارێ.
پەروانەی ئەم دڵە وێڵەش
خزایە مێزی شەمتەوەو...
بووبە قەقنەس،..
بوو بە گڕو خۆڵەمێشی"..
سێ کۆچکەی رەشی هەوارێ.
---
کە تۆم ناسی...
شنەی شەماڵی هەناسەم
تێکەڵی تاسەت کردەوەو...

بەئەسپایی...
کۆرپەی تەمەنم راژاندی!.
تریفەی چاوەکانیشم
وەکو تیشکی شەبەنگەرۆژ،..
لەئاسۆوە...
دڵداری لەگەڵ کردی و...
سۆمای چاوانی رژاندی!.

---

کچێ زارا
لەدواجارا...
زانیم خەوی نێو رەشماڵی پرچی سیات
بەتکەی ئاونگی گۆنات، راچەنیوە!؟
زانیم ژانی( فرمێسك و زام... )*
بەگوشینی سینەو مەمت"..
سارێژ بووەو... دابەزیووە!؟
بۆیە هۆردووی خۆشەویستیت
قەڵای دڵمی داگرتووەو...
هەموو لایەکی تەنیووە!؟

---

قەڵادزێ
(1979/11/17)

# شیعر

شیعر کۆرپەی لە دایکبووی
منداڵدانی شاعیرانە.
شیعر کەشکۆڵی ئەندێشەو...
سەرگوزشتەی باپیرانە.
- - -
شیعر هەوێنی خاوێنی
هەست و سۆزو ئەندێشەیە
شیعر زمانی زگماکی
ئەم وڵاتە پڕ کێشەیە
- - -
شیعر بروسکە و چەخماخەی
هەوری ئاسمانی دەروونە!
شیعر دیاردە و بەڵگەی روونی،
گەل و سروشتی گەردوونە!
- - -
شیعر بزوێنەری هەست و...
ناخی دەریای مرۆڤانە
شیعر بەندەری بەزەییی
بوێژی گەورەو دلۆڤانە
- - -
شیعر کڵو کۆی دەروونی

جزیری و وەلی و گۆرانە!
شیعر جێژوانی ئەڤینی
سەلما و شەم و خەرامانە!!
- - -
شیعر هەردی خاك و خۆڵ و...
دەنگ و سەدای شارەزوورە!
شیعر ماڵیاوای حەبیبەو...
فرمێسکی شەوی دەیجوورە!
- - -
شیعر سینەی فەرخۆڵەیەو..
( خاتوونە ستێ )ش قەڵغانیەتی!
شیعر دەنگی فەقێ حمەدەو..
هەر هاواری کەیغانیەتی!
- - -
شیعر ئاوازی ئاهەنگی
بەزم و کۆڕی باسەفایە
شیعر کەژاوەی رازاوەی
بووکی پایزی یەڵدایە
- - -
شیعر هاواری فریادی
خولیا و پەیامی دولبەرە!
شیعر کلیلی مرادی...
وەتاغی داخ و کەسەرە!!
- - -

شیعر ڕەهێڵەی باران و..
بەفری یەکشەوەی قەد پاڵە
شیعر تارای ڕەنگاو ڕەنگی
بووکی جوانی وەرزی ساڵە
- - -
شیعر تەزووی بوومەلەرزە و
دەنگی بروسکە و گرمەیە؟
شیعر زەنگی کارمامزی
گەرمەسێر و سەگرمەیە؟؟
- - -
شیعر هەناوی بێستوون و ،..
قوڵنگی فەرهاد و شیرینە؟؟
شیعر جزیر و بۆتانی
کاکە مەم و خاتوو زینە؟؟
- - -
شیعر زەریایەکی پان و ...
فراوانی بێ سنوورە..؟
شیعر سەربار و بن باری
کاروانی کۆچێکی دوورە
- - -
شیعر تەقینی سەرچاوەی
خۆ خواردنەوە و گینگڵدانە..
شیعر ژانە... زانە.. نانە،
دوا وچانی، کۆڵنەدانە؟؟

\- - -

**شیعر شەیتانی ئارەزووی**

**بابادەم و داکاوایە؟؟**

**شاعیریش هەتا چاوبڕکا...**

**مەرزی  شیعری دوایی نایە؟؟**

\- - -

**قەڵادزێ/بەهاری1986**

## شەوانی بێ تۆیی

کەسم کاڵێ...
( ئەی کە پیانووی گەورە ماڵێ )
کە ڕۆیشتی؟..
پە پوولەی عیشق و ئەوینم
گڕی سەوزی،..
مۆمی شەوانی بێ تۆیی و..
کسپە و سۆزی تەمەن کوشتی؟.
کەجێت هێشتم..؟؟.
بەسەر هەواری خاڵیتا
هۆن.. هۆن..
فرمێسکت پێ ڕشتم؟؟.
ها...لەبیرمە...
لەنێو بێشکەی زامەکانتا
پێڵووی وەنەوزت پێلێکنام؟؟
دواین ئاوڕت.. لێدامەوە و..
لەگەڵ دوا ماڵاوایتا
پێنج پە نجە بچکۆلەکانت بۆ هەڵێنام
****
سەیدسادق/1977

# کۆچی سوور

کچیٚ چاوشین
ئەی هەتوانی زام و برین
لەسەرەتاوە دەمزانی
رایەڵکەی هەودای خەیاڵت
ئەفسوونی تەنیا کەسێکی،..
خاوەن گەوهەر و سامانە!؟
چونکە دەمێکە.....
لەژوانی سیمای گەشتا
بزە لێوتی چۆڵ کردووە..
سەرگەرمی لێکدابڕانە!
لە بەهاری رووزەردی دڵی منیشا
(گەڵاوگوڵ و جوانیی خونچە
گۆڤەندی وەرزی خەزانە!!

– – –

هۆ سەیزادە...
ئەی کیژی لە بار و سادە
کە رۆیشتی..
هەگبەی کۆچێکی ناوەختت دا بەشانتاو..
چیای دڵمت، قەف.. قەف بڕی!!.
تا لە دوا هۆبە و جێژوانا...
لە دەواری تاقە ماڵەی هەوارێکا گیرسایتەوە و..

**لە هەنسکی ئێش و ژانا..**
**ئەشکی پەشیمانیت سڕی؟!.**

- - -

**کچێ چاومەست..**
**بیستوومە دەڵێن ئەمجارەش**
**کۆچی سوورت،....**
**بەرەو هەوارێکی تازە و..**
**وارێکی غەریب و دوورە؟!؟**
**دەئێستا من..**
**پەنا بەرم بۆ لوتکەی،...**
**کوێستانەکانی کام سنوورە؟**

**(قەڵادزێ) 1978**

- - -

# پسوڵەی عیشقێکی بێ وادە

کچێ خوا گیر

ئەی کەنیشکە چاو مەستەکەی،....

کەژاوەی کاروانی رازم

دەتا کەنگێ... وەکو-ئەیوب-

بە بێ دەنگی...

لە بەندی سەبرا بژیم و...

لە جوغزی چاوەڕوانیتا بخولێمەوە؟

وەکو-یوسف-

بۆ چرپەی رازی زوڵە یخا گوێ هەڵخەم و

لە ژێر دەست و پە نجەی نەرمیا بتلێمەوە؟

- - -

باوانەکەم...

دەتا کەنگێ لە جێژوانی ئەندێشەدا

ئامێزی گەرمی ئەوینم تێ وەردێنی و....

لە دوورەوە..

باخی سینەم پێ ئەسپێری؟

وەکو پە یمانی- خەسرەو شا-

قوڵنگی سەنگتاشیم

ئەدەیتێ و...

لە دوا جارا..

پیرەژنێکی فەرهاد کوژم بۆ ئەنیرێ؟!

- - -

نازدارەکەم ....

دەتا کەنگێ.. بەتەنیایی

لە جێژوانی شەو ژوانا جێم ئەهێڵی؟

وەکو، فەرهاد...

دەروونی کێوی بێستونم پێ هەڵئەدڕی و...

خاکی عیشقێکی بێ وادەم پێ ئەکێڵی؟

- - -

دەکچێ مەڕۆ و جێم مەهێڵە!؟

وەرە و چی دی..

لە بۆتەی گەرمی نیگاتا

گڕمەدە ئاوات و تاسە؟!

وەرە و چی دی..

بسکی خاوی، وادە و بەڵێن

مەدەوە بەر بای هەناسە؟

وەرە و چی دی..

لە دەلتای نیلی دیدەدا

دار و پەردووی.. دارڕزاوی، ...

کوختی شیعرم. رامەماڵە؟

وەرە و چی دی..

کاڵای ئەم عیشقە دێرینە

لە دەروونی پڕ هەڕەشەی، ...

ئەم زریانە سەر شێتەیا دامەماڵە!؟

- - -

دەوەرەو لێم جیامەبەوە..!؟

وەرە و چی دی.. ورِك مەگرەو
لە مەرزی خۆشەویستیتا
بەبیَ هیوا مەمکە دەریَ؟
وەرە و چی دی..
پسوڵەی عیشقیَکی بیَ وادە و
گفتی جیَژوانم مەدەریَ؟
وەرە و چی دی..
هەگبەی ئەم کۆچە ناوەختەو.....
تویَشووی ئەم سەفەرە دوورە مە پیَچەوە
نەبادا ئەشکی جودایی...
لە دەریای بیَ بنی عیشقا سەر بکات و...
لەگەڵ شە پۆلی تورِەتا!!
لەسنوور بمکاتە دەریَ!!؟
لە دوا جارا...
دار و پەردووی کوختی نیشتیمانی
شیعرم را بماڵیَ و
زەفەری مەرگم پیَ بەریَ؟

قەڵادزیَ
ئازاری/1978

# ڕەشـــــەسمەر

ئە مشەوسایەقـــەی هەنـــاسەم
دەروازەی دڵتــــی گـــــرتـــووە؟!
چۆلەکـەی ئەویــــــن وتـــــاسەم..
کوڵمی بـــــەفرینتی گـــەستووە!

* * *

تۆش لە دوایین کۆچتـــا، دەرگـــات
بـــە ڕووخســـارما، دەکرێتـــەوە؟!
بــــەهار ئـــاســـا، تـــاوەباران
جارێك لای مـــن ،دەگـــــرێتەوە؟!

* * *

زلـــــە مـــاسی، عومـــری بــــرسیت..
بـــەچکەکانی عیشقم، ئەخـــــۆن؟!
شـە پۆلـــی حــــەزو ئــــارەزووت
خوێنی جــــەستەی وشکم ئـــەشۆن!

* * *

خـەریکە، سۆزت، لـــەناخــــــما
ڕیشەی ئەوینێ، ...دائەکــــوتێ؟!

خۆشـــەویستیی، سالأنـــی زووم...
ئـــەکەوێتەوە، پـــەلــە کـوتیٚ؟!
* * *
چـــەندە گوڵ ، حـەزی لـەمەلـــەی، ..
خــــاك وئــــاوی نیشتیمانـــــە؟!
وا،منیش ،حـــەزم لـــەگـەمـــەی، ...
مــەمکی،کــچی خــــان ومــــانە؟!
* * *
ئەزانم ئـــەمشـــەو،تۆش لـە تـەك،
بارانـــــــا،دێیتـــــە،کـــۆشمەوە؟!
بـــەخـــاکی دڵمـــا،ڕادەبـــریو..
ئـــەڕژێیتە،چـــــەمی هـــۆشمەوە؟!
* * *
کـــەدێی وەرە...نــــــایـــەی مـــەیـــە
لـــە خۆشـــەویستیت، بێیــــــــاکم؟؟
لـــێرە،عیشـــــقی.. رەشـــەســـمەرو..
لـەوێش...ویـــڵـی،..مـــاچی خـــاکم؟؟
* * *

رانیـــــــــــە
2008

# هـــــــــەواری جارا ن

خـــــــــەم ...برینی ساڕێژ دەکولێنێتەوە.
ئــەوین...ئەخا تەگەڕووی تـــــــەنیایی؟!
(مەستی)ش بەفری خـــەم دەتوێنێتـــەوە.
مرۆڤـــــ ئەخاتە سەر گەرمی شـــــایی؟!

* * *

ڕێژنە فرمێسکی،.. پڕ حەزو شـــــــەیدا..
چاویلکەی ســــــۆزی لێ تەڵخکـــــردووم؟!
بـــــا ڕەشی پــــــاییز...شەوانی یەڵدا
بۆ دنــیای راز وغوربــــــەتی بـــــــردووم؟!

* * *

ســـــرووشت بێ ئــاکام رووتئەکاتەوە.
تــا ئــازیز دانــی لــە پـــاییز بســـوێ!
پە پوولەش ئــەشکی شـــەم ئەخواتەوە.
تـــــــا لەئـــامێزیا سەروەکاوبنوێ!

*     *     *

کڵپـــەی ئـــاوورگی سەنگی هەواران..

پـــــاوانی ســــینەودڵ ئەسوتێنیٚ!

سیحری سەرپـــە نجەی نازو نازداران.

دڵــی دڵـــــداران،..دائـــەخورپێنیٚ!؟

*     *     *

گێژەنــی گۆمـــی چـــاوەکانی تۆش..

ئاونگی نــاخم پـــاك ئەشـواتەوە!

نــــەرمـــەئـــاوازی رازو گفتو گۆ..

گـــــۆرانی عیشقم لێئەداتـــەوە!؟

*     *     *

ئـەوسـا بە یادی هەواری جـــاران

کــــــاڵەو پێتاوی شەو دادە پێچـم!

بەرەو گەیشتن بە وەسڵی نـــــازدار..

توێشووی سەختی ڕیٚ لەشان دە پێچم!؟

*     *     *

کـــــــەرکوك

پـــــاییزی/1984

# پێنج خشتەکیەك لەسەر شیعرێکی،..

## ( حەسەنی دانیشفەڕ-هــێور- )

پێو وابـــوو، .لەغوربەتا..دەتلێمەوە
وا وەك زنــــەی بەهاران دەزێمـــەوە
خونچــەی سیسی وێم، .لێرە دەکرێمەوە
﴿سەیرە پێم،داوا دەکەن ،گەر بێمەوە
بێمەوە، .بۆتان لەچـــی بدوێمەوە﴾

* * *

بۆ چوونە ژووانی دوولبەرم ،ڕێ نییە؟
بۆ پشووی ڕێبواری ماندوو،جێ نییە؟
بیابانی دڵتان، .شوێنی کەڤرێ نییە؟
﴿شاخی سینگی ئێوەجێی بەفرێ نییە
هەر شنەش بـــێ لێمبدا،دەتوێمەوە﴾

* * *

لــەبۆگوڵ،بولبولی دڵ،ڕۆژ و شـــەوێ؟
دەناڵێ نەك،ڕەگەڵ کۆچی سوورکەوێ؟
لێرە بێ ئـــەو،ئۆقرەناگرم من لەوێ؟
﴿گیای بەهارێم وزەوی نەرمم دەوێ؟؟
کوالەخاکی کەس نەکێڵ،دەڕوێمەوە؟؟﴾

*　　*　　*

وا{جاف}یش چەمی لەژێرباری خەمان؟
وشەی جوانی، یاساغ بوو، لەسەر( دەمان )
ســـەدای لایلایەی، لەگوێیاندا ســـمان؟
﴿پیێوەن ودەســرازە گەربۆ من ،نەمـــان؟
زەحمەتە، لەوبێشکەدا ڕاژێمـــەوە؟؟﴾

*　　*　　*

ئـــەوەندەی لەدووریتان، خـــەم داگرم؟
بوو بە قەقنەس، دڵــی کوانووی ئاگرم؟
لەوەی بە دوا، بەرگەی حەسرەت ناگرم؟
﴿شووشەمەو پینەو پـــەڕۆ، هەڵناگــرم؟
{هێـور}یشم هــەڵگرن، .دەشکێمەوە؟؟﴾

*　　*　　*

ئەی ئەوانەی حەزبە ئاشووب وشەڕێن؟
لەبۆکورسی، دەس لەسنگ وسەرلەڕێن؟
تاکەی لەوێسگەی هاتنەوەم، چاوەڕێن؟
﴿هەرئەوەند داوا دەکەم گەرلێمگەڕێن؟
جوانە مەرگ ودوورلەکەس سەرنێمەوە؟؟﴾

*　　*　　*

هـــــــەولێــر
تشرینی دووەمی/2002

# شووشـــــــه عـــەتــر

گـــــــولـم( ژاڵـــــــه )
جاران كه ئه چوومــــــه ســــــەفــەر
پێت ئـــــەوتـم:
كـــه هـــا تيەوه، له گەڵ خۆتـــــا
شووشـــــــــه عـــــــــــــەترێكی بۆنخۆشم بۆ بهێنه،..
تـــــــــــا بۆنی پیرەداربەڕووی جێژووا نمان، دانەبەزیووه!؟
ئێستاش ئەڵێی:
عــــــــەتـــــرم نـــــــــــاویٚ!..
عــــەتـــرم له بەر چــــــــــاو كـــــــــەوتووه!
چــــــونكه ئەو بـــــەهارەی ڕابـــــــــــــرد...
له ئـــــــازاری زامــی ســـەختی ( خاوەر )ەوه
لــــــــه دامێنی ( شـــنرویٚ ) دا..
لــــــــه هەڵەبشیمای تویٚتویٚدا
بــــــــه بـــــارتەقـــــای ئـــەم زەمینـــــــــــــــــــه
بـــــــــۆنی ( ژاڵـــــــه ) تاڵەكانی ( باخی میر )م ،هـــــەڵمژیووه!؟

* * *

سلێمـــــــانی
( 16 ) ی ئـــــازاری( 1989

# گوڵە شەونم

کچیۛ شەونم...
گە نمرەنگە قژ زەردەکەم
ئەی پەرچەم پەلك رەیحانە!
بیرتە جاران..
بەچەشنی شەم و دێوانە
بسکت بۆ دەکردمە دەوار
سینەت هەوار
ئامێزیشت بە جۆلانە!؟
–    –    –
کەچی ئێستاش...
کە بە بەردەمما ڕا ئەبری
واتەبینم..
بەسەرما خۆت ئەلەنگێنی!؟
بەچاو خێسەم لیۛ ئەکەیت و..
لچم لیۛ هەڵئەقرچێنی!؟
–    –    –
کچیۛ شەونم دەوەمناسە!!
هەر دڵدارەکەی جارانتم
چیت داوە لەو قسە و باسە!!.

وەرە وچیتر.. لێم زیزمەبەو..
مەمدەرە بەربای هەناسە!!.
خوانەکردە..
(لەمن خۆ هیچ روونەداوە)-
دەمدەیتە بەرتیری تاسە!!
گوڵە شەونم...
هەر دڵدارەکەی جارانتم
دەوە مناسە!؟

گوندی قەمچوغە/ دوکان/1982

# كۆچی ئاگرین

گوڵم( گوڵیٚ )، خولیای عیشق وئەڤینم
پەری هەست و خەیاڵی کوختی ژینم
هۆ ژیلەمۆی سیٚکوچکەی راز و بیرم
لەتۆ زیاتر کێیە؟ داد رەسی شینم
کە جار جار دێی و بەلامدا رادەبری..
گۆشتە زوون دەهێنێتەوە برینم
بە تیری تیلەی چاوت پێکراوم..
بۆیە نوقمی دەریای ئەشکی خوێنینم
لە پیٚناوتا..بەباچوو رەنجی شانم..
کە دەمێکە بە هەویای تۆی شیرینم
بەسۆنگەی تۆوە ماوم لێرە ئەمشەو...
ئەویش لە ژێر چەتری فژتا نگینم
چ..خۆشە..گەر قاسید بیٚت و بلیٚ پیٚم
کە ئەو( مەم )بیٚ، منیش بۆی( خاتوو زینم )
هەتا هەم نازی نازداری ئەکێشم..
لە نسییٚ ی دڵ و بەرتیشکی جەبینم
دەتا دڵ، هەڵنەقرچاوە، لەتاوا...
وەرە و چاریٚ بە ژن و بالات ببینم
لەتۆ زیاتر کیٚ شك دەبەم لێرانە..
بەبێدەنگی دانیشیٚ لەسەرینم
دەسا.. روحمیٚ بکە پێم.. ئەی گوڵی من

کە( ماڵی ) نازی.. نازتم.. نازەنینم
دەپسێ هەوادی خەیاڵی بیر و مێشکم..
کە کۆچی ئاگرینی تۆ دەبینم!!.
سەرم هەر چەندە بەفری لێدەبارێ..
کەچی عەوداڵی بەفری میم و سینم
لەمەیدانی جلیتبازی ئەوینتا...
تەقە سوارەی بەزیپکی پشتی زینم
لە بۆیەش عیشقی خاکی کوردستانم...
کەتۆی کردە( رووگەی ) ئیمان و دینم
تەماشای ئەختەری شۆخکە و بزانە...
کە چۆن بووبە هەوێنی را پەڕینم
کە تۆش رۆشتی، بە تەنیا جێم مەهێڵە
نەکا مردن بگرێ، بەرۆك و بینم

بەسرا
( بەهاری/1980 )

- - -

# پێنج خشتەکیەك...

# لەسەر غەزەلێکی( نالی )

لەسوێتا دڵ، بێ سەر وشوێنە قوربان
بەتیری تۆ شەلاڵی خوێنە قوربان
لەلانکی ژان بەسی راژێنە قوربان
﴿کەتۆ قبلەی دەمت سا بێنە قوربان
لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان﴾

– – –

لە دووریتا نەما تروسکەی بینابیم
سەرای وەش غەرقی گێژاوی فەنا ییم
ئەزیزم، شاپەری جوانی مینابیم
﴿وەرە بنوارە، دوو دەستی حەنا ییم
حەنایی چی، هەموو خۆ خوێنە قوربان﴾

– – –

بەغەیری نازی نازت( نازە )نینە
کەچی ئێستاش لە پای نازتا نگینە
دە سا زووکە و لە دڵتا دەرکە کینە
﴿لە ئاوی چاوی مندا خۆت ببینە
لەباتی مەنزەرەو ئاوێنە قوربان﴾

– – –

دەمێکە کۆتی نازتم وا لە قاچە
لە بۆیە لێرە کەوتووم، دەستە پاچە
جگە توا نجت لە بۆ من، ئەی کناچە
﴿لە بۆ خەڵکی، خەڵات پەخشانی ماچە
خەڵاتی من، هەموو خۆ جوێنە قوربان﴾

– – –

هەتا کەی دڵ، لەگەڵ یەکدا جیابێ
مەلی سرکت وڵی دەشت و چیابـــــێ
هیلالی رووت، لە ژێر هەوری سیابـــێ
﴿ئەگەر دڵ، غەیری حوببی تۆی تیابێ
بەدەستی خۆت، دڵم دەربێنە قوربان﴾

– – –

ئەگەرچی کۆتری سوێت، ناگمێنێ
نەهێنی دڵ، بەگوێما ناچپێنـــــێ
پە پووی شوومی چڵی لێو، نارەتێنێ
﴿فتووری چاوەکانت، نـــــانوێنێ
بە(نالی) فیتنە بەس بنوێنە قوربان﴾

– – –

قەڵادزێ/ئاداری/1981

# پێنج خشتەكیەك...

## لەسەر( ڕێژنـــــەی ) مامۆستا( هێمن )

سوورە گوڵ، تاكەنگێ لێرە، ڕووبەڕووی ژان ببمەوە
وەك ( برا یمۆك ) بۆ( پەری خان ) وێڵی چلوان ببمەوە
لە نێو كوانووی چاوەكانتا.. تووشی سوتـان ببمەوە
﴿تۆ بەڵێنم پێبدە، تـا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێكی تەڕ، لەم لێوە، بـا جوان ببمەوە﴾

–   –   –

گوڵبەدەم.. ئاكار پەری من، ئەی فریشتەی نازەنین
پێم بڵێ: ئێستا هەتـاكەی،تۆ دەكەی گریان و شین
وەك خەزاڵە شۆڕ دەتـاوێ، بێرە خەندە و پێكەنین
﴿دەستی لەرزۆكم... هەتـا تێیدایە، هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ، تـاوێ لە   بـاخی سینە میوان ببمەوە﴾

–   –   –

زۆر دەمێكە، من لە دووریت دیل و ژێر دەستی( بەلا )م
گەرچی خاوەن خشڵی زۆر و گەوهەر و كۆشك و تەلام
ناڵە نالْ بێ سوودە ئەوڕۆ، چونكە لێت نابیەم وەلام
﴿من گوڵی...سەر گۆڕی، ئاواتی لەمێژینەم، بەلام
ڕێژنێكم لێبدا، پێم وایە، بۆ ڕوان ببمەوە﴾

–   –   –

هەروەکو( دێوانە )بۆ( شەم ) چۆن بە شاخا هەڵگەڕا
( فەرخۆڵە )ش بۆ( خاتونە ستی ) ئاگری تێهەڵگرا
تۆش لە سوێی دیداری یارا ، ڕەنگورووت ڕەش داگەڕا
﴿شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە﴾
قەڵادزێ
ئایاری/1987

-　　-　　-

# هۆرەیەك ....
# لە هەواری ڕەشماڵانی جافەوە

## -شـــــا نا ز ...

شا ترووسکەی گەشی نێوڕەشماڵی دڵی چۆڵم

وەرە... تا نەبووم بە سووتووی،...

نێو کوانووی دوا ژوانی سەفەری دێ

ڕەدووم کەوە!!!؟

...وەرە...

قۆڵ لە قۆڵ دەڕۆین و...

لەوێ...

وانەی عاشقاتی!

فێرە هەرزەی ئەو هەوارە دەکەین و...

وێکڕا سەرابی خەم و...

ئازارەکانی شەوە دەیجوورەکانی رۆح

لە گلێنە رێگای کۆچ و ماڵاوایی وەهما...

جێ دەهێڵین!!؟

جا هەر لەوێ...

کاژو دار ئەسپینداره باڵا کەڵەگەتەکانی

بەر ئاوایی عەشق...

دەکەینە ژوانی،...

سۆمای سپێده سپیەکانی ناخ و...

هەوارێکی وەنەوشەیی قرمزی

لە بناری باڵابۆی باڵای شەنگی شەمتا

دەکەینە خەڵوەت!!

خەڵوەتی عەشقێکی جاویدانی!!

.........

## کچیٚ شـــــاناز...

هۆ جاویدانی عەشقباری شەوانی تەنیاییم

دەوەره...

ئەی قژڕەشماڵی تەژی لە خەم

وڵاتی خاڵیی لە خەندەی بووکە شووشەکانی زارۆکە پاکیزەییەکان

لە نیگای تەمتومانی سپی زەڵمی چاومەوە... وەره و...

بەسەر هەواری ئەحماوای غوربە تما هەڵکەشنە و

ئەوشۆ لە کوانووی گەرمی زەمەقی دڵما...

سووتووی ژێر ساباتی سەفەری پەپوولەکانی

کانی ئاشقانی چاوانم کۆکەرەوەو...

بە کلچێوکی چاوەڕەشەکانی ( خاوەر)

نیگای تەڵخی کەنیشکەی دەواره سپیەکانی سیروان و...

هەواری ( بانی خێڵان )ی ناخم بڕێژە!!؟

- شـــــانازیٚ مــن ...

دەوەرە و جارێکی تر...

لە سێکوچکەی پڕ لە پەنگری سەنگی هەوارانی شەمسەدا

خۆڵەمێشی پە پوولە باڵهەڵکڕوزاوەکانی،...

( باخی میر ) و ( واری وەلی ) کۆکەرەوە و...

لەویٚ کۆزە بەرخ و تە یمانی کارژۆڵەکانی

هەواری ڕەشماڵی خاڵیی خاڵان و...

لێرەش...

شووره داڕوو خاوەکانی ( باخچەی پاشا )ی دوو ئاوانی

هەناسەمی،..

پیٚ ســـواغدە...

... سواغێکی خۆڵەمێشی؟!؟

- کچیٚ شــــــانازیٚ...

ئەوەش... سووتووی سەفەرێکی نارنجی،..

کارەسات و عیشقە!!

عیشقی تۆ...

ئێوە...

ئەو...

ئەوان...

- ئەو عیشقەی لە نیگای زەردەپەڕی..

هەواری هۆرەی ڕەشماڵانی جافەوە

... بەسەر ( باخە کۆن )ی دڵما ڕۆڕژا

ئەو عیشقەی ..

لە مایكی مرازی كچۆڵەكانی..
جێژوانی،...
تەمەنی پیر و كەنەفتی ڕۆحمەوە...
(هۆرەیەك پڕ بە گەروو...)
بۆ بالۆرەی كچە پشدەرییان و...
لاوكی بادینان و...
حەیرانی دەشتی پیرە هەولێر و...
سیاچەمانەی قەراخ وهەورامانی دڵ ئەچڕێ و...
ئەمشەو... لە شەوارەی
كوختی فرمێسكی كناچەیەكی جافدا
مێوژە ڕەشكەی،...
ڕەزە سووتاوەكانی دامێنی شنروێ
دەكاتە شەوچەرەی،...
(ژانی لە دایكبوونێكی نوێ)*!؟
شـــانازی دڵ...
ئێستا حەزمە كرد...
بوومایە سیمرغی شەوە نابیناكانی خاوەرو...
لێرە (عومەرەكانی ناخم) بخستایە سەر باڵانم!!
سا... بەرز... بەرز... فڕییام
تا كەشكەلانی فەلەك و...
لەوێ ئەستێرەیەكم كردبا وار و...
ساباتی نیشتیمانی خۆم!!
.........
شـــــــاناز..

ئەی ساباتی نیشتیمانی سەفەریم
دەبا ئەوشۆ...
سەرنێم بە سنگی زامارتەوەو...
لە باوەشتا سەرخەوێ بشکێنم...
خەوی ئەرخەوانی؟!
.........
هۆ نیشتیمانی هیوا و..
خەونی جوان و شەوژوانی ئەستێرە...
دەوەرە و...
- چیرۆکی هەزارویەکشەوەی،..
بەر ئاوردانی خەمی،...
نێو دەواری بێ تروسکەی،.
شەوم تورِدە و...
داستانێکی پڕ لە جورئەتی،.
عاشقاتیتم بۆ وەگێرِە؟!
- عاشقاتی هەڵۆ بۆ لوتکە
- دەریا بۆ کەنار
- زنە بۆکانی چاوان
- نیگا بۆ نیگا...
ئەوسا منیش لەگەڵ تاریك و روونی،...
سپێدە سپیەکانی ناخدا...
( هۆرە )یەك تێهەڵدەکەمە بنا گوێی،...
( بێرییە ) چاورِەشەکانی رِەشماڵان و...
بۆ دوایینجار ئەم هەوارە جێدەهێڵم؟!؟

.........

جا ئەودەم گوڵم... تۆش لە تەك پاییزدا

بنە و بارگەی هەواری خاڵیی خێڵان،...

رووەو گەرمێنی دڵ تێکنێ و...

رەوە بەرغەل و کارژۆڵە ساواکانی تەمەنە وەرزی،...

هەواری سفتووسۆی ئەو عیشقە،...

پێش خۆدەو...

سەر بەرەوخوار داگەڕێ؟!؟

- داگەڕێ...

رووە و دەواری هەواری دڵی سپی،...

پڕ تروسکەی زەردەشتی چاوان!

- داگەڕێ و...زێدەتر...

بەرەو ژێر... داگەڕێ

-لێرەوە...

بێرەوە... نێو دڵم؟!؟

ئەو دڵەی هەواری زەمەنت و...

دەواری تەمەنتی،...

لە ڕیشە هەڵکەندو...

هۆرەیەك لە مێژووی ئەوینمی نووسیەوە؟!؟

- دەبێرە دەی ...گـــــوڵێ ...

ئەوشۆ لام لادەو...

- لا پەڕێك لە بەیازە عیشقی،...

مەقام و حەیرانی..

کوڕە قەرەجێکی ڕەشکەی بەر( ئاسۆس )،...
وەخوێنەو

ئاوازی شیعرێکی دەروێشی،...
بخەرە نێو دڵی کەشکۆڵی ( دێوانە )و...
( شەم ) بکە میوانی ناوەختی،...
شەوانی ئێڵاخان!!؟
* * *
ئەو شەمەی،...
کانی چاوا نمی،...
رژاندە نێو گەرووی تا نجەرۆی،...
هەواری هۆرە و بالۆرەی،...
کچانی ڕەشماڵی خێڵانی جافەوە!؟
* * *

سلێمانی

# خەون

**شـــــــــــەوێك ،...**
**دایكم هاتە خـــــــــــــەوم و....**
**هێواش بە گوێیدا چرپانم....**
**وتی: رۆڵە برینـدارم !!**
- **من رۆحی سپی دایكتم**
**خۆڵەمێشی كوانووی بیستوچواری چوارم!؟**
**بە هاناتانەوە هاتووم!؟**
- **من قەڵادزێم ..**
**لەگەڵ ئازارا راهاتووم!؟**

* * *

- **كوڕی ژیرم**
- **من پەپوولەی با ڵسووتاوی باخی میرم !؟**
- **من هەڵە بجەم....**
**ئەوەی وەك من.....**
**پەپـــــــوولەی رۆحـــــی نەسووتێ !؟**
**چۆن دەتوانێ ؟**
**بەشەو ئێشكی مەزار بگرێ و....**
**بەڕۆژبە دیـــــار....**
**تاجە گوڵینەی خوێنەوە هەڵبتووتێ!؟**

* * *

**ئەوەی وەك من.....**
**رۆژێ نەمـــــــرێ و نـــــەژێتەوە!؟**
**چۆن دەتوانێ ؟**
**سروودی مەرگ و حەشری من بڵێتەوە!؟**

*　　*　　*

**هەر چەنە كە...هەموو گێتی ،...**
**تراژیدییای كارەسات و ....**
**مـــــــــەرگی گەورەی منی دیوە !؟**
**لێ مەخابن ...هەتا ئێستا...**
**- هیچ خامەیەك!**
**- هیچ رووپەڕی رۆژنامەیەك!**
**یادەوەری كارەسات و...**
**مێژووی زامی لەمێژینەی جەستەی منی،..**
**لە تــــەوێڵی كێلەكەشما نەنووسیوە!؟**

*　　*　　*

**رانیـــــــــــە**
**ئـــــــــــــــازاری** /1994

# پێنج خشتەکیەك...

# لەسەر شیعرێکی ( عەونی )

شنەی شەماڵی، یادی ( سازە ) خانم
خستمیە گێژەنی چەمی چەمانم
لە فکری عیشقی جارانی ژوانم
( هەڵی کرد ئاهونالەی بەربەیانم
سەری کرد خوێنی ئاڵی چاوەکانم! )

---

ئازیز سەرت، سوڕنەمێنی لە حیرسم
لە سوێتا رووە و مەرگ دێم، نەترسم
گەر جار جارەش لە هەواڵتان دەپرسم
( لە گەرمی سۆزی سینەی خۆم دەترسم
کە ئاگر بەربداتە جیسم و جانم! )

---

ئەگەر جارێ... ئازیزم بە سەردانێ
بێت وبە راستی لە عیشقم بڕوانێ

تێدەگا کە کێ نازی ئەو دەتوانێ؟
(بۆ مەرگی خۆم، پەرۆش نیم خۆی دەزانێ
کە دڵشادیم نەدیت ماوەی ژیانم؟!)

---

وا ئاگریی، نیگای حەزی تامەزرۆ
سوتاندمی چەشنی پەنگر و پشکۆ
وا منیش بە سوێتا هاتم دەشت و کۆ
(لە بۆ پاراستنی گوڵزاری رووی تۆ
شەو و رۆژ باخەوان و پاسەوانم!)

---

ئێستا دەبێ، چاوەڕوانی وەخت کەم
تا بەرگریی رێگای دوورو سەخت کەم
بۆ وەسڵی ژوانت، کۆسپی رێ تەخت کەم
(لە لام ئەو رۆژە جەژنە، گیان بەخت کەم
لە پێناو سەربەخۆیی نیشتیمانم!)

---

یارم گەر بێت، وەك کێڵگە، خەت خەتم کا
غەرقی لافاوی رووبــــــــار و شەتم کا
لەسەر تاوانێ هەمبێ، پەت پەتم کـــــا
(ئەگەر بێ... بمکوژێت و لەت لەتم کـــا
گلەیی ناکەم، لە یاری میهرەبانم!)

---

ئەزیزم، شکۆفە و خونچەی بەیانی
پەریزاد... ئەی شافریشتەی جوانی

وەرە و ئێستا پێت بڵێم: بە پەنهانی
(بەرەو پیریی، بەهاری شادمانی
دەڕۆم ئیمڕۆ، دەبێ کۆچ کا خەزانم)

*   *   *

هەولێر
2000/7/ 13

# سەمای کچی بەفر
# لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکی سەرچنـاردا

ئەم ئێوارەیەش....

خۆر لە جوانیتا سووتاوەو...

سپێنەی چاوەکانیشی ،..

بۆتە خۆڵە مێشی پشکۆی،..

تاشەکانی ئەم بنارە!؟

کچی بەفریش...

قردێلەی تیشکێکی سپی،.

بەستۆتە پەرچەمی سەوزی،..

شا پەری ئەم سەرچنارە!؟

* * *

ئەم ئێوارە ش...

تیشکی چاوە سەوزەکانت،..

لە گلێنەی چلەی زستانی سەرچنارا..

واقوڕماوە!؟

کیژێکی بسك خورما ییش،..

لەوبەرمەوە دانیشتوەو...

دەست و پە نجە ناسکەکانی،...

خستۆتە سەر ملی بەفرو..

ئامێزی زریان و باوە؟!

*   *   *

-کچـــــــی بەفر....

دەتۆش ،ئەوشۆ

دڵشـــــادمکەو....

ببە..بوغووردی بــــــاڕی دڵ!

تـــا بۆساردی ،..

(کچـــــــی بەفر)بچێتـــــــەوە؟!!

دوایین پێکی ماڵئاوایی...

لە سەرچاوەی پێکی چاوە سەوزەکانتا...

بتوێتـــــــەوە؟!!

*   *   *

هۆ کیژۆڵـــــــە چاو سەوزەکە؟!

کـــــــچی چـــــابە....

دەدەی ئێستا.....

بە بەردەممـــــــــا وەرەو ڕابە!!

هێدی ...هێدی ..پێهەڵێنەو...

**بە پێپیلکـــــــانەی تــــــەمەنا**

**وە ســــــەرکەوە؟!!**

**وەرەو ..لـــــــــــێرە.....**

**بەرۆکی خـــــــەم بترازێنەو...**

**بۆ دوایین جـــــــــار....**

**کوختـــــــــی زستانی هۆنراوەی ڕووتوڕرسیم،..**

**لــــە پێکێکــــــا ....بە سەرکەوە؟!!**

*　　*　　*

**کچـــــــــی بەفر..**

**بەســــــــــەو..چـــــیتر.....**

**لـــــــــە ئـــــــــاوبارەی کەلی شەیتان مەخۆرەوە؟!**

**وەرەو..هــــــــەموو،سبەینان وئێوارانێك،...**

**لەئـــــــــــاسۆی ئەوینما هــــــــەڵێ و....**

**بچۆرە کـــــــــــالاَی....خــــــۆرەوە؟!!**

*　　*　　*

**هۆ..کـــــــەنیشکی بـــــەفرو باران؟**

**وەرەو ..ئـــــــــــەوشۆ.....**

**دڵشـــــــــــــــــادمکەو..هــــــەر بۆ ســـــــاتێ**

پـــــــاڵتۆی خـــــەمی ئـــــاودامانی،..

شـــــــــیعرەکانم بـــــــەخـــــۆتـــــادە ؟!!

نـــــــــەکـــــا ســـــــــبەی،...

بـــــمخەیتە گـــــەڵ،..

کــاروانی حەزێکی شێت و...

کـــــــــــۆچـــی عیشـــــقێکی نـــــــاوادە؟!!

*     *     *

سەرچنار

چلەی زستانی /1990

## کچە جیرۆ

ئەگەر سودفە...

یەکێ بەبەر دەرگای ماڵتانا ،..

رابرێ.

بۆی دە کشێیت و...

درزیٚ ده خه‌یته ده‌رگاکه‌و...
سیله‌ی چاوانتی تیٚده‌بڕی ؟!
به ئیشاره‌ت؛
لابردنی په‌رچه‌می خاو؟!
ترازانی دوگمه‌ی ســــینه..
په نجه‌ره‌ی چاو؟!
پاشتر...قفڵی...
ده‌رگای مه‌دخه‌لی بالآتی،..
بۆ هه‌ڵده‌گری؟!
خوا نه‌کرده...
گه‌ر بیٚ و...منیش.....
له‌و به‌ره‌وه.....
سیله‌ی چاویٚکت تیٚببڕم
به‌ڕقه‌وه...به‌قاییمی..
ده‌رگام لیٚ کلۆم ده‌ده‌یت و..
ئاوڕیشم.. لیٚناده‌یته‌وه...
کچه‌جیران؟!

مایسی/2009
داره‌توو/هه‌ولیٚر

* * *

## منیش وه ك تۆ.....

# خەڵکی وڵاتی گریانم

## * بەگوڵی بەهاری تەمەنم پێشکەشە *

(1)

سوورگوڵخانم

منیش وەك تۆ...

خەڵکی وڵاتی گریانم!!؟

من شاعیرێکی ئاوارەم...

چۆن بتوانم :

خەمی خۆم و..

خەمی خاك و...

خەمی ئێوە

لە بێشکەی شەوانی شیعرا رابژێنم!؟

چۆن بتوانم... .کە هاتمەوە

بێ ئیزنی تۆ...

چنگێ نو قڵەماچی خاك و...

چە پکێ گوڵەشیعری عیشقت

بۆ بهێنم!!؟

* * *

(2)

لەوەتەی من وەبیرم دێ....

باخ.. لەباوەشی شەوانی،...

تاری تەنیا یی تووترکا

پشـــــــــووئەداو...

شەونمی سەرکوڵمی گوڵان ئەخواتەوە!؟

باخەوانیش مێزی گەرمی ...

بۆ گوڵبەهاری تەمەنی ،..

عیشقێکی نوێ ئەکاتەوە !؟

*   *   *

کاتێ گوڵێ هەڵەوەرێ

شیعرێ ئەگری !؟

ئەگەر هاتوو شیعریش گریا....

گوڵێ ئەمرێ!؟

بۆ مردنی هەر گوڵێکیش...

شاپەپوولەیەك گڕئەگرێ!؟

*   *   *

*   *   *

(3)

گوڵ....بەر لەوەی...

لێو بەلێوی کازیوەی بەیانەوە نێ ....

خەون بەجوانی سپێدەو...

بەبەهارەوە دەبینێ!!؟

منیش بەرلەوەی لالێوم ..

بە لێوی شمشاڵی وشەو شیعرەوە نێم

خەو بەبێ گیرفانیی ئێوەو...

شەوانی زامداری وشەو...

قەڵەمە زیندانییەکان و...

شیعری جەستە تێکشکاوی..

شاعیرانەوە دەبینم

*   *   *

کە گوڵ جوانی رووخساری خۆی

بەشووشەی پەنجەرەی دڵما ئەکاتەوە

سینەم پڕدەبێ لەبۆنی ،..

سورمەی گوڵی گوڵە باخ و...

عەتری ئەوین....

له یەخەو سینگی ( باخەوان ) ئەپرژێنیٚ !!
جا ئەو کاتە..... خۆشەویستیم
له نێو دڵیا بزر ئەبیٚ و....
هەر دێت و دیٚ....
له گەڵ گزنگی هەتاوی هەناسەی شەو...
بۆنی وشەو جــــوانی شیعرم بۆ ئەهێنیٚ !!؟
*     *     *
(4)
ئەوسا منیش....دێم وهێواش..
هەنگاو ئەنێم...
بەرەو هەواری ژوانی تۆ
دێم و هێواش...
.هەنگاودەنێمە..سەر جیٚ پێی...
.ولآتێکی سووتەمەرۆ !!
دێم و هێواش....
هەنگاو دەنێمە .سەر جیٚ پێی...
سەوزی بەهار.!!
هەتا گوڵی سووری تەمەن..
لەکۆشی ئینجانەی سۆزتا کۆکەمەوە !!؟
دێم و هێواش...
هەنگاو دەنێمە..سەر جیٚ پێی...
لێوی زەردەخەنەو گریان
تا یاسایەك .....
بۆ مێژووی عیشقی کۆن و نویٚ
بنووسمەوە !!؟
دێم و هەرچی ...
ئەشك و زامــە
چ گریانــــــە !!
چ دووری و غوربەت و ژانە!!
بیخەمە سەر لە پی دەستی ،..

سەعاتی سفری زەمـــــانە!!

دێم و هەرچی...

گوڵی سوورە.....

بە دووتوێی لێوەکانمەوە هەڵیواسم!!

دێم و هەرچی ....

جێ پێی گوڵ و ....

نێرگزەجاڕی بەهارە

بیکەمە مەسکەنی عیشق و ...

دوا هەواڵی دەنگوباسم !!

* * *

دێم و هەتا.....

چڵێ نێرگزو گوڵی سوور...

بدەم لە سینگو بەرۆکی

ژوانە عیشقێکی تامەزرۆ!!

دێم و هەتا....

تۆی باخ و...منی باخەوان..

بێینە قـەدو باڵاو چرۆ!!

دێم و هەتا....

منی شەپۆل.و...

تـــۆی دەریـــا

تووڕەییتان کپکەمەوە !!

دێم و هەتا ...

منی شاعیرو...

تـــــــۆی کتێب

لاپەڕە ئاڵتوونییەکانت..هەڵدەمەوە!!؟

* * *

دێم و هەتا ...عینوانی

ئەو لاپەڕەیەم چاوپێکەوێ

کەلێی نووسراوە :

( تۆم لە خۆم خۆشترئەوێ )

*       *       *

هـــــــەولێر

کۆتایی گەلاوێژی/2010

# هەر بە منداڵی گەورە بوون!!

**بۆ کچە کانم (هاژەولاژە) پێشکەشە**

کەسی بابی

حەیف.......

نەتانهێشت..........منداڵ بن؟!

هەر بەمنداڵی گەورە بوون

حەیف.......

نەتانهێشت..........منداڵ بن؟!

لەکوختی تاریکی دڵما

خاتون و رۆشنایی ماڵ بن؟!

بەمنداڵی جێتانهێشتم و...

خۆتان خستەناو گێژاوی

.بەحری غەمێ؟!

دەك گەردنتان ئازانەبێ..

کە نەتانهێشت تێر بەدڵی خۆم

عیشق وسۆزو خۆشەویستی ،..

منداڵانەتان بدەمێ؟!

حەیف......

نەتانهێشت...منداڵ بن

هەر بەمنداڵی گەورە بوون؟!؟

* * *

شوباتی/2010

## قەڵادزێ وەک خۆی

**هەروەکو ئێستا لە بیرمە**

**قەڵادزێکە م...**

**بە فرمانی بەعسی زاڵم!**

**له بیستو چواری نیسانی حەفتاوچواردا**

**بە سە ریا باری ناپاڵم!؟**

***   *   ***

**لە هەشتاودووش**

**هەر ئەو شارە ...!؟**

**خرایە باوەشی گەرمی،....**

**لێزمەی گوللەو...**

**زیندان و پەت و سێدارە!؟**

***   *   ***

**لە هەشتاوهەشتی ئەنفال و...**

**پاش حەشری مەرگی هەڵەبجە**

**بە پیلان و دەستی ئەنقەست!؟**

**بڕیاری مەرگ و....**

**رووخان وراگواستنی،..**

**درایـە دەست!؟**

***   *   ***

**لە حوزەیرانی هەشتاونۆش...**

**حەبلی تەرحیل وتەهجیرو...**

**زنجیری مەرگ و TNT**

**خرایە مل!!؟**

**شاریشیان بەتۆبزی بارکرد**

**بەرەو ئۆردوگای زۆرە مل!!؟**

***   *   ***

**ساڵ هات و ڕۆی...**

**دوای ڕاپەڕین ...بە نە ترسی!؟**

**هەر هەمووومان گەڕاینەوە....**

**( شاری وێران !!؟)....**

**شارێکی خا پوورو بـــــــــرسی!؟**

*　*　*

**ساڵ هات و ڕۆی....**

**شار ... وێرانتر....!!!**

**له ژێر سایەی ،..**

**حوکمی (بەرەی کـــــــــــــــــــــوردستانی)**

**ساڵ هات و ڕۆی...**

**شەڕە پەڕۆو هەڵبژاردن دەستی پێکرد..**

**هەڵبژاردن ...**

**بۆ .....پەرلەمان....ئەنجومەنی شارەوانی!!؟**

*　*　*

**ساڵ هات و ڕۆی...**

**شار ....وێرانتر..!!!؟**

**له ژێر سایەی شەش کابینەی حکومەت و...**

**چەندین دانیشتن و خولی ئەنجومەنی نیشتیمانی!!؟**

*　*　*

**ساڵ هات و ڕۆی...**

**شار... هەر وێران و وێرانتر!!!؟**

**له تەك تە نفیزی بە سەدان،...**

**پـــــــــــرۆژەو کـــــــــاری ئاوەدانــــــــــــــــــــــــــــــــــــی!!؟**

*　*　*

**هەموو ئەمانە .....یەك تۆسقاڵ...**

**خەندەی نەخستەسەر لێوی ....**

**قەڵای شۆڕش و قـــــــــــــوربانی!!؟**

*　*　*

**شار....ئێستاش لەگەڵدا وێران!!؟**

**جێگای ڕاپەڕینی شێران !!**

**ئێستاش هاتووم ....**

**بەبێ ترس پێتان بڵێم :**

**ساڵ هات و ڕۆی...**

**(قەڵادزێ) وێرانە وەك خۆی**

* * *

**هەولێر/2009**

# عیشق و تەمەن

**دەبا بگرین...**

**دەبا بگرین لە سەر عەرشی ،..**

**ئەو جێژوانەی،...**

**گە نجییەتی عیشق وئەڤینی**

گەیاندە سەر کێکی تەمەن؟!؟
دەبا بگرین بەسەرکوڵمی ،..
بالۆرەی  هەواری خاڵیی ،.
کچە عیشقی ئەو رەشماڵانەی ،..
بسکۆڵەشیعری تەمەنیان ..
بۆژوانی کچۆڵەی بەفرو..
جێژوانی کوڕە حەیرانیّ ،
دەهۆنیەوە؟!؟
دەبابگرین بەسەر گۆنای،..
ئەو شیعرانەی ،..
بەفرمێسك نووسرانەوە؟!؟
دەبا بگرین...
لەسەرجیّ پێی خوێنتێزاوی،.
ئەو کەسانەی،..
لەگەڵ شەختەی بەفری ،..
شەوانی غوربەت و تەنیاییدا
تـــــوانەوە؟!؟

*    *    *

( 2 )

بابگریم....
بۆئەو رۆژانەی،..
لەیەکەم  نوقتەی ئەوین و...
عیشقی سەرمەدییەوە هاتم و...

بە سەر تەمەنێکی بابردەڵەی ،

پە نجاوسێ ساڵ رێداکەوتم؟!!

تەمەنێك لێوانلێو..

لەکارەسات و گریان!!

رۆژانێك پڕاوپڕ...

لە خەم و یاخیبوون؟!!

تەمەنێك لە پیری!

رۆژانێك لە غوربەت و دووری!

دەبابگریم...

بۆ ئەو رۆژانەی ،..

پیرە دارچنارەکەی خڕێ بەر ماڵان

دەبووە جێژوانی،..

من و ئەو کچە شۆخەی ،..

سێ چوار ساڵێك یەکدیمان خۆشویست!!

دەبابگریم؟!!

*   *   *

دەبابگریم...

بۆ ئەو رۆژانەی ،..

بەنسێی هەتاودا

بەتاوی نسێدا

بەرەو ژوانی عیشق و تەمەن،..

هەنگاوم دەناو...

لە لوتکەی جوانکەییمەوە...

دەرژامەنێو..شیعرێکەوە!!

**شیعرێك نزیك له ژیان**

**دوور لـــــــــه مردن**

**شیعرێك تژی له شیعرو ئەوین!!**

**دوور له غوربەت و..**

**تـــــــارمایی و بەزیـــــــــــن!!**

**عیشقێك...دوور له تەمەنێكی هەڵچوو**

**تەمەنێكی ڕۆیو...**

**ئەو تەمەنەی ،بەلاملی كێوی ئەستەمی ورەدا**

**سەردەكەوێ و...**

**هێواش...هێواش**

**بەسەر رنووه بەفری یادا**

**به نسێی هەورو...**

**به رێچكەی بـــــــــــادا**

**دەخزێته خوار**

**سەردەكەوێ و..له لوتكەدا..**

**لەتەك ( كەریم كابـان ) دا**

**گۆرانی بۆ ( تەمەن ) دەچڕێ!!؟**

**دێتەخوارو...**

**له گەڵ ( دیلانا ) سروودێ بۆ نەورۆزو..**

**شیعرێ بۆ ( پاییزی جاران ) !!**

**له گەڵ ( حەمه ) شدا**

**سروودێ بۆ( لەیلا ) وقەلادزێ و..**

**كاكی پێشمەرگه !**

**گۆرانییەك..بۆ عیشق وخۆشەویستی خاك و**

داستانی باران دەڵێتەوە ؟!!

*   *   *

(3)

وەرن با هەموومان بگرین

لەگەڵ نــالی بۆ حەبیبە

لەگەڵ دێوانەدا بۆشەم

لەگەڵ جزیری بۆسەلما

مەولەوی بۆعەنبەرخاتون

لەگەڵ گـــۆرانا بۆ هیوا

لەگەڵ حەسیبابۆکەژاڵ

لەگەڵ غەریبا بۆ (نوقڵێ )

لەگەڵ حەمرینا بۆکەرکووك

لەگەڵ مەرزیە دا بۆ بەرزی

لەگەڵ مارفا بۆ رە نجــی

لەگەڵ ( حەمە )شدابۆگە نجی

وەرن مادام..

پیریی و تەمەن بەرۆکمانی گرتووە؟!!

با هەموومان،...

دەست بە دامێنی عیشقەوە بگرین و...

لە لوتکەی بزەوئەسرینەوە...

بۆگەورەیی تەمەن بێینە سوژدە و...

لەگەڵ شنەی شەماڵی،..

هەناسەی هەتاوا دەستبگرین ؟!!

ئەوسا هەموومان پێکەوە ...

**بە...ئەسرین... پێبکەنین و..**

**بۆمەرگی ( گریان ) بگرین؟!!**

*    *    *

**کۆتایی /2010**

**هەولێر**

# پێنج شیعری تورە

## 1- گیرفان

**گوایە ئەڵێن :**

**زەمانی زوو...**

**سەردەمی بەردو نیاندەرتاڵ**

**خۆشەویستی و ویژدان هەبوو !**

**چونکە لە کاڵاو پۆشاکی ...**

**مرۆڤی ئەو سەردەمەدا ،...**

**گیرفان نــەبوو !**

*    *    *

ئێستاش لەو سەردەمی عیلم و...

تەکنەلۆژیاوحەزارەتە !؟

بە دەرزەن گیرفانی قوڵ و...

جانتای تەسکی دیبلۆماسی !

بۆ لێپرسراوانی وڵات...

کەفائەتە !؟

بۆیە ئەڵێم :

دەستی ئەو خەیاتە بشکێ

بۆ یەکەم جار..

گیرفانی کرد بەکاڵاوە!؟

ئەگینا ئەمڕۆ...

هیچ کەس و هیچ لایەنێ

نە ئەبووە  توفەیلی وڵا ت

بەدراوی بەرزە باڵاوە !؟

ئەوسا هەژارو بۆرژوا...

بەیەکترا ئەچوونەوە!!

بە یەکسانی گیرفان و بیر...

رووبەڕووی ژیان ئەبوونەوە!!

پاییزی /1993

## 2- خڕوقاتی ڕەنگەکان

تا سێ رەنگیی ،..

سپی و کەسك و سوور

نەکرێنە دروشم و ئاڵای...

کوردستان و کوردایەتی

رەنگی زەردیش ...

نەکرێتە خۆری ئازادی ،..

ئـــــــەو رێگایـــــە !!؟

دڵنیابن تا هەتایە....

شەڕە پەڕۆو....

خڕوقاتی هێزەکان و...

کارەساتی دڵتەزێنی ،..
رەنگەکان کۆتایی نایـــە !!؟

ئایاری / 1994

## 3. قتوە شیر

دوێنێ چەند کتێبێکم کڕی
بـــە دراوی بیر!!؟
ئەمڕۆش هەموویم فرۆشتەوە
بـــۆ قتوێك شیر!!؟

ئەیلولی/ 1993

## 4. هەڕاج

پێرار سەعاتەکەی دەستم
فرۆشت بۆ تەنها کتێبێك
پار حەڵقەی خۆم و هاوسەرم ...
فرۆشت بۆ ئاگری زستان
ئەمساڵ جلك و کالآی بەرم
فرۆشت بۆ نان
کتێبیشم هەمووی هەڕاج کرد
بۆ قتوە شیری هاژەخان
ئەوڕۆش...بوومە دەرۆزەکەر
لە بەر دەروازەی مزگەوت و...
مەیخانەو هەڕاجی شارا
دەسڕی سواڵم راخستوە !؟
لێ ئازیزان..هەرچەند حەڵقەو ..
سە عاتی دەست و کتێب و...
گشت کالآی بەرمم فرۆشتووە !!؟
وەلی سەربەرزم بەوەی کە...
بۆ ساتێکیش...
شەخسیەتی خۆم و...
قەڵەمم نەفرۆشتووە !!؟

★ ★ ★

حوزەیرانی /1994

## 5 - بۆ سەید کاکە

وتیان ...

جەنابی (سەید کاکە)

لەناو پەرلەماندا دەنوێ!!؟

وتم :قەینا.!!

وتیان:بۆچی!؟

وتم:دوێنێ....

ئێمە هەمومان نووستبووین

(ئەو) بێداروبەخەبەر بوو!!.

ئەورۆش ئێمە بەخەبەرین

با( ئەو) بنوێ!؟

بەهاری/2009

### دوو شیعر بۆ مندالآن :

## 1- زستان

پایز رۆیی، زستان هات

وەرزی بەفر و باران هات

بەرەی هەژاران.. درا

خەوی بێ ئەنوا.. زرا

زستان، وادەی سەرمایە
دژی خۆر و گەرمایە
داڵدەی هەوری لاسارە
هەگبەی خەم و ئازارە
کانگای باو کرێوەیە
دۆستی ئەو کێوەیە
وەك شێت، دەست ئەوەشێنێ
گەڵا و گوڵ، ئەوەرێنێ
بەفر دێنی بە دیاری
بۆ لوتکەی کوردەواری
ئێوەش: ئەی منداڵی پاك
کۆرپەی جوانی باب و داك
ئەی خونچەی باخی خەبات
نەوەی دوا رۆژی، وڵات!
گوێگرن بۆ ئامۆژگاری
بەم وتە نەکەن، یاری
زستان، گەمە نازانێ
لەبێ بەرگان، دەڕوانێ
هەرکە رۆینەدەر، لە ژوور
لەبەرکەن بەرگی ئەستوور
پاڵتۆی خوری، وەدەرنێن
لەچك و کلێتە، لە سەر نێن
گەر خاوەن بیر و هۆشن
خۆتان گەرم، دا پۆشن

لە ڕێی ماڵ و قوتابخانە
خۆ مەخافڵێنن، گیانە!؟
با نەچنە مێز و کۆشی
زستانی پڕ نەخۆشی

قەڵادزێ
زستانی 1978

## 2- جەژنی منداڵ

لەیەکی شەشی گشت ساڵ
ئاهەنگ دەگێڕن منداڵ
بیستی تشرین، بەم شێوە
بۆتەوە، جەژنی ئێوە
ڕۆژ و جەژنی جیهانی
مژدەی بۆ منداڵ هانی
منداڵی گەداو زەنگین
تورِدەدەن ئازار و قین

دەیکەن بە جەژن و شایی
ئاهەنگ و پیرۆزبایی
هەموو دەستە بە دەستە
بە گۆرانی و بە بەستە
دەیکەنە بەزم و خۆشی
تورە ئەدەن فەرامۆشی
قاقاو خەندەی مندالان
رەونەق دەداتە مالان
هەموو بەدلێکی ساف
دەچن بەرەو پیری ماف
( منالْ ) بۆ مافی رەوای
لەجێی هەتوان و دەوای
دەخزێنە ئامێزی ژین
دەبینن خەونی شیرین
جا ئەو کاتە خەیالی
دەنەخشێنی مندالی
مندالی نەشئە بزوێن
هەست و ناخ و دلهەژێن
تێکرا بەیەکدەنگ: بەلێن،
نوێدەکەنەوە و دەلێن:
داوا ئەکەین دەست و برد
( رۆژێك ) بۆ منالی کورد
مندالْ، سەرچاوەی سۆزە
جەژنتان...لێ پیرۆزە

- - -

ئێمەی منداڵی کوردیش
کارامە و بیری وردیش
ئەوەی دوا رۆژ و هێزین
کوردستان دەپارێزین
رووە و ئازادی ئەڕۆین
لەبەری رەنجمان ئەخۆین
رەنجی بە زۆر کارکردن
لە ژێر باری کار مردن
کاری قورس و بەردەوام
پێمان نابەخشێ مەرام
ناچار دەسخەینە دەستی
نان و نرکەی ژێردەستی
ئێستاش بۆ مافی مناڵ
دەبینە هاورێ و هەڤاڵ
بۆ مافی منداڵی کورد
دەبینە رێیاز و پرد
ئەو مافەی نەماندیووە
وەکو ئێمە هەتیووە
بۆ دەردیشمان تەبییە
حەیف.!! لێرە غەریبە!!
وەلێ گەر تینی بەینێ
بەو نزیکە دەیگەینێ
ئێمەش وا دێینە گەڵتان

ئەدوێین بە زمانی گوڵتان
ئەڵێین جەژنتان پیرۆز
ئـــــەی منالآنی دڵسۆز
- - -

هەولێر
حوزەیرانی/2001

# ئامۆژگاری

## *بەهەر پێنج پارچە جگەری شیعرم پێشکەشە*

(ژیار)م ... ئەی کوڕی گەورەم
منێك کە کوشتەی ئەو جەورەم
گویٚ بگرە.. بۆ ئامۆژگاریم..
ون مەکە.. ئەو پایە و دەورەم
- - -
(هاژە)خان تۆش کچی چابە
لە دەرس و دەورت وریابە
بۆ لوتکەی زانست هەڵکشە..
لە خزمەت نیشتیمان دابە

-    -    -

(لاژە) گیان، تۆش چەشنی وێنە

بۆ میللەت ببە ئاوێنە

ئاوێنەی رۆشنی مێژوو..

شێوەی جوانتی تیا بنوێنە

-    -    -

(وێنە) هۆ کچی بچووکم

ئەڵهای شیعری ئێسك سووکم

تۆش گەردانە شیعری بابە،..

بکەرە ملی کەرکووکم

* * *

گۆڤار...تۆش.لالـــــــــەو...

رۆشنایی..شەوانی گۆشەگیریم بە!!

دارعەسای بالآی لەرزۆك و...

گۆچـــــــــانی دەستی پیریم بە!!

## سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:


- بەڕێزو خۆشەوستم کاکە حەسەنی دانیشفەڕ( هێور)ی شاعیر کە ئەرکی چاپکردنی ئەو چەپکە شیعرەی گرتە ئەستۆ...

- مامۆستای گەورەم ( غەریب پشدەری ) شاعیر، کەدەستی گرتم و ، بە ( شیعر ) موعەڕیفی کردم و لەقوتابخانەی شیعری جواندا" دەرسی دا دام و... بڕوانامەی شیعری دا پێم، و یەکەم شیعریشم لەڕێگەی ئەوەوە تروسکایی بڵاوکردنەوەی بینی.

- بەڕێزان کاک ڕێبوار هەورامی وئەردەلان و عەتا جاف و کاری هەرەوەزی بەڕێزان زانکۆ و قەهار بۆتانی و ئاسۆ و هۆشەنگ و کوبرا خان و هەموو ئەو بەڕێزانەی دوور و نزیك خەمخۆر و هاوکار و هاندەرو یارمەتیدەرم بوون...

*دووبارە سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆیان و نموونەیان هەر زۆربێت.

# حەمە ئەحمەد جاف



*لەدایکبووی چلەی هاوینی( 1957 ) ی( حەساری قەلاَدزێ ).

*لە( 1977 )ەوەشیعر دەنووسێ وبلاَودەکاتەوە.

*ئەندامی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کوردو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی وکۆمەڵەی کەلە پووری کوردە.

*ئەو چەپکە شیعرە دووەم بەرهەمی چاپکراویەتی.